

# دەبێت کوردستان دەوڵەتی دامەزراوەکان و سەروەری یاسا بێت

## با هەموومان پشتگیری سەرۆک بارزانی بکەین بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی دامەزراوەکان و سەروەری یاسا



گولان
ژماره (٧٥٥)
٢٠٠٩/١١/٢



## «ئەمریكا ئەو نەتەوەیەیە یاسا حكومرانی دەكات نەك تاكەكەس حكومرانی بكات» جۆن ئادەمز

***

پرۆفیسۆر ئەندریۆ بی مۆریس لە وتارێكیدا كە بە ناونیشانی «بۆچی پێویستمان بە حكومڕانی یاسایە» لە (منبر الحریە) بە زمانی عەرەبی بڵاوكراوەتەوە دەڵێت: «لە ساڵی ١٧٧٦ ەوە كە جۆن ئادەمز رایگەیاند ئەمریكا نەتەوەی یاساكانە نەك حكومڕانی پیاوەكان،سیاسەتمەداران لەهەموو روانگە ئایدۆلۆژی و فیكریە جیاوازەكانەوە ئەم دەربرینە دووبارە دەكەنەوە بۆ ئەوەی شكۆی ئاكاری خۆیان پیشانبدەن،رێكەوتنی لەم شێوەیە لەناو بیروبۆچوونە سیاسیەكاندا هەتا لە گوتارەكانیشیاندا وەك حاڵەتێكی دەگمەن ئاماژەیە بۆ بەهێزی چەمكی حكومڕانیی یاسا» بەراوردكردنی ئەم گوتەی جۆن ئادەمز بە سەرۆكی دووەمی ویلایەتە یەكگرتوەكانی دوای جۆرج واشنتۆن، لەگەڵ ئەو گوتارەی سەرۆك مسعود بارزانی كە رۆژی ٢٠٠٩/ ١٠/٢٨ لە ناو پەرلەمانی كوردستان و بەبۆنەی متمانە بەخشین بە كابینەی شەشەمی حكومەتی هەرێمی كوردستان پێشكەشی كرد و تیایدا ئاماژەی بەوەكرد» ئێمە دەوڵەتی موئەسەسات دادەمەزرێنین و دڵنیام گەلی كوردستان هەموو لە پشتمانە بۆ ئەوەی ئەم ئامانجە بێتە دی و بەڵێن بەگەلی كوردستان دەدەم حەتمەن ئەم ئامانجە دەبێت جێبەجێ بكرێت،ئەگەر نەشمانتوانی جێبەجێی بكەین پێتان دەڵێین بۆ جێەجێمان نەكرد و هۆكارەكانی چیبوون،...ئێمە بڕوای تەواومان بەوە هەیە كە سیستەمی دادوەری دەبێت سیستەمێكی پیشەیی بەهێز بێت، دەبێ كۆمەڵگە بەشێوەیەكی ئاشكرا هەستی پێبكات) لە چەند روویەكەوە دەكرێت بەراودكاریان لەگەڵ یەكتریدا پێبكرێت و بە چەند خاڵێك ئاماژەیان پێبكەین:

١- كاتێك جۆن ئادەمز لە ساڵی ١٧٧٦ ئەو گوتە بەنرخەی راگەیاند «ئەمریكا نەتەوەی یاساكانە نەك حكومڕانی پیاوەكان» ئەو كاتە تازە ئەمریكا سەربەخۆیی خۆی لە شانشینی بەریتانیا راگەیاندبوو،هێشتا دەستووری ئەمریكا بوونی نەبوو، باوكانی دامەزرێنەری ئەمریكا هەموویان لە هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتەكەیان بوون، پاش نووسینەوەی دەستووری ئەمریكا لە ساڵی ١٧٨٩ یەكەم هەڵبژاردن كراوە و جۆرج واشنتۆن بووە یەكەم سەرۆكی ئەمریكا،بەڵام ئادەمز لە ساڵی لە ساڵی ١٧٩٧ بە سەرۆك هەڵبژێراو بووە دووەمین سەرۆكی ویلایەتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا.

٢- سەرۆك مسعود بارزانیش لە ساڵی ١٩٩١ و پێش ئەوەی پایتەختی كوردستان بە تەواوەتی ئازاد بكرێت، لە شاری كۆیەی حاجی قادرەوە بانگێشتی ئەوەی كرد كە دەبێت لە كوردستاندا دەوڵەتی قانون و دەوڵەتی دامەزراوە دابمەزرێت.

٣- كەواتە رووی لێكچووی نێوان ئادەمز و بارزانی ئەوەیە، هەردوكیان دەستنیشانی رێگە چارەیەكی دروستیان بۆ بونیادی نەتەوەی خۆیان كردووە، ئادەمز بۆ گەلی ئەمریكا و بارزانی بۆ گەلی كوردستان.

٤- ئادەمز كە لە ساڵی ١٧٧٦ بانگێشەی ئەوەی كردووە دەبێت یاسا حكومرانی ئەمریكا بكات، ئەوكاتەی ئەمریكا وەك ساڵی ١٩٩١ی هەرێمی كوردستان بووە، بۆشایەكی سیاسیی و یاسایی و دەستووری هەبووە، ئەمریكا خاوەنی دەستوور و پەرلەمان نەبووە، بەهەمان شێوە كاتێك مسعود بارزانیش داوای دەوڵەتی یاسا و دامەزراوەی كرد، لەكوردستان بەهەمان شێوە بۆشایی سیاسیی و قانوونی و دەستووری هەبوو، بۆیە بانگێشەكەی ئادەمز و بانگێشەكەی بارزانی، وەك دوو بانگێشەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن سەیر ناكرێت، بەڵكو وەك راسپاردەی دوو باوكی دامەزرێنەر كە ئامانجیان ئەوەیە ئایندەیەكی پرشنگدار بۆ نەتەوەكەی خۆیان بونیاد بنێن.

٥- ئادەمز دوای ٢١ ساڵ لە بانگێشەی بۆ «سەروەری یاسا» بووە سەرۆكی هەڵبژێردراوی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا، مسعود بارزانیش دوای ١٨ ساڵ وەك یەكەم سەرۆكی هەڵبژێراو لە كوردستان دەستنیشانكرا .

٦- جۆن ئادەمز لە سەرۆكایەتی دووەمی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا ئەم چەمكەی بە شێوەیەك چەسپاند كە ٢٠٩ ساڵە گەلی ئەمریكا وەك نموونەی ئەو نەتەوەیەی لە بەرزترین ئاستدا رێز لەسەروەری یاسا دەگرێت شانازی پێوەدەكەن، بارزانیش لە پۆستی دووەمی سەرۆكایەتی و پۆستی یەكەمی وەك سەرۆكی هەڵبژێردراو لەلایەن گەلی كوردستانەوە بەڵێن بەگەلەكەی دەدات ئەم دوو ئامانجە جێبەجێ بكات و لەمەش زیاتر بەڵێن بەگەلەكەی دەدات ئەگەر نەیتوانی جێبەجێی بكات، جارێكی دیكە بێتەوە بەردەم گەلی كوردستان و ئەو هۆكارانە ئاشكرا بكات كە رێگربوون لە جێبەجێكردنی ئەم ئامانجە پیرۆزە.

ئەم بەراوردكاریەی نێوان ئادەمز و بارزانی، بەو ئامانجە نیە بەراوردی نێوان دووسەرۆكی هەڵبژێراوی دوو نەتەوە لە دووكاتی جیاواز بكەین و بمانەوێت ئەوە بە نەتەوە و گەلی خۆمان بڵێین مسعود بارزانیش سەركەتوو دەبێت لەبەر ئەوەی هەمان دروشمی بەرزكردۆتەوە، نەخێر ئامانجی ئێمە لەم بەراوردكاریە ئەوەیە و دەمانەوێت ئەوە بە خوێنەری ئەم راپۆرتە بڵێین، مەبەستمان لەم بەراوكردنە بەراودكاریە لە نێوان دووباوكی دامەزرێنەر بۆ دوو نەتەوەی جیاواز و لە دوو سەردەمی جیاوازدا،لەوانەیە هەندێك كاتێك ئەم راپۆرتە دەخوێنەوە ئەو پرسیارەمان لێبكەن ئایا جیاوازی نێوان سەرۆك و باوكی دامەزرێنەر چیە؟لە وەڵامی ئەو دڵسۆزانە دەڵێین راستە هەندێك لە باوكانی دامەزرێنەری ئەمریكا پاش سەربەخۆیی ئەمریكا بوونە سەرۆكی هەڵبژێراوی ئەمریكا، بەڵام هەموو ئەوانەی لە ئاهەنگی چاخواردنەوەی بۆستن ئامادەبوون و چایەكانیان رژاندە ناو ئاوەكەو رایانگەیاند» باج بە ئاو دەدەین باج نادەین بە پەرلەمانی بەریتانیا و بریاری شۆرشی رزگاریان دا «هەموویان باوكانی دامەزرێنەری ئەمریكان بەڵام هەموویان نەبوونە سەرۆكی هەڵبژێراوی ئەمریكا، ئەمە مانای ئەوەیە جۆن ئادەمز كاتێك دەڵێت «دەبێت ئەمریكا دەوڵەتی قانوون بێت» ئەمەی بۆ ئەوە نەگوتووە بۆ ئەوەی خۆی سەرۆكی ئەمریكا بێت،مسعود بارزانیش بەهەمان شێوە كە پێش ١٨

سەرۆك مسعود بارزانیش لە ساڵی ١٩٩١ و پێش ئەوەی پایتەختی كوردستان بە تەواوەتی ئازاد بكرێت، لە شاری كۆیەی حاجی قادرەوە بانگێشتی ئەوەی كرد كە دەبێت لە كوردستاندا دەوڵەتی قانون و دەوڵەتی دامەزراوە دابمەزرێت

بانگێشەكەی ئادەمز و بانگێشەكەی بارزانی، وەك دوو بانگێشەی پروپاگەندەی هەڵبژاردن سەیر ناكرێت، بەڵكو وەك راسپاردەی دوو باوكی دامەزرێنەر كە ئامانجیان ئەوەیە ئایندەیەكی پرشنگدار بۆ نەتەوەكەی خۆیان بونیاد بنێن

ساڵ داوای کردووە «دەبێت لە کوردستان دەوڵەتی قانوون دابمەزرێت، ئەویش یەکێك بووە لە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی و هێشتا دیار نەبووە گەلی کوردستان کێ بەسەرۆکی خۆی هەڵدەبژێرێت، لەمەش راشکاوانەتر کاتێك مسعود بارزانی وەك سەرۆکی بەرەی کوردستانی ئەم گوتارەی بە گەلی کوردستان راگەیاندووە، لایەنە سیاسیەکانی ناو بەرە خاوەنی مافی ڤیتۆ بوون، ئەو مافەیان هەبوو بڵێن ئەمە ئامانجی ئێمە نیە، بەڵام لەبەر ئەوەی پەیامەکەی مسعود بارزانی «دەوڵەتی قانوون» نەخشەی رێگای بونیادی نەتەوەیەك بووە، هەموو بەرەی کوردستانی وەك پەیامی باوکی دامەزرێنەر سەیری ئەم پەیامەیان کردووە و ئەم پەیامە بووە سەقفی کۆکەرەوەی هەموو بیربۆچوونە جیاوازەکان و خاڵی هاوبەشی گوتاری جیاوازی پارت و لایەنە سیاسیە جیاوازەکانی کوردستان، ئەمەش گەورەترین ئاماژەیە بۆ ئەوەی مسعود بارزانی وەك باوکی دامەزرێنەر و بونیادی نەتەوەیی گەلی کوردستان سەیری ئایندەی گەلەکەی کردووە نەك سندوقی دەنگدان.

## بۆچی دامەزراوە و دەوڵەتی قانوون گرنگن؟

بۆ ئەم راپۆرتە ئەم پرسیارەمان رووبەرووی پرۆفیسۆر ئەندریۆ سی. سۆبل لە زانکۆی واشنتۆن کردەوە و بەمجۆرە وەڵامی داینەوە: «من بێجگە لە پێناسەکەی دۆگلاس نۆرس کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە بۆ ئابوری شتێکی دیکەی زیاترم بۆ پێناسەی گرنگی دەوڵەتی دامەزراوە نیە، نۆرس دەڵێت: دامەزراوەکان بنەمای گەمەکەن،میکانیزمێکی بونیادنانی کۆمەڵایەتیە کە دەبێتە هۆکاری دروستکردنی گیانی هاندان بۆ تاکەکان لە کۆمەڵگە و دامەزراوەکان بریار دەدەن تاکەکان باش رەفتار دەکەن یان خراپ،دامەزراوەی باش دەبێتە دڵی سەروەریی یاسا وهەروەها تاکەکانیش هاندەدات کە ملکەچی یاسا بن، بەڵام دامەزراوەی خراپ دەبێتە هاندەری تاکەکان بۆ ئەوەی لە رێگەی راست لابدەن و رووبکەنە گەندەڵی،توندوتیژی، مەحسوبیەت، مۆنۆپۆڵکردنی هەلی ئابوری، بۆیە دەوڵەتی دامەزراوە هەڵسەنگێنەری ئەوەیە ئایا دامەزراوەکان هاندەری تاك بوون بۆ ملکەچبوون بۆ سەروەری یاسا، یان هاندەربوون بۆ رووکردنە گەندەڵی هتد..» سەبارەت بەوەشی ئایا چۆن دامەزراوەکان دەبنە دڵی سەروەریی یاسا و چۆن سەروەری یاسا جێبەجێ دەکرێت ؟ پرۆفیسۆر لە وەڵامی گوڵاندا بە پێکەنینەوە گوتی : «سەبارەت بەوەی چۆن سەروەری یاسا لە کۆمەڵگە جێبەجێ دەکرێت، بەراستی ئەمە پرسیارێکە هەر کەسێك بیزانێت هەقە یەك ملیۆن دۆلار خەڵات بکرێت،من ئەوەندە دەڵێم دامەزراوەی باش پشتگیری سەروەری یاسا دەکات و بەردەوام بە پێی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە پێشدەکەوێت،دامەزراوەی باشیش دەبێت لە ناوخودی کۆمەڵگە هەنگاوی بۆ هەڵبگرێت و بونیاد بنرێت و دەستی دەرەکی ناتوانێت دامەزراوەی باش دروست بکات. سەبارەت بەسەروەری یاساش، ئەمەیان لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە و بەبریاری بوێرانە دەچەسپێت،بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەگەڵ فراوانبوونی رای گشتی و دروستبوونی چینی ناوەند زەمینەی ئەوە دروستدەبێت سەروەری یاسا جێبەجی بکرێت، بەڵام لەهەموو حاڵەتێکدا ئەمە پرۆسەیەکی مێژوویی درێژخایەنە..» ئەم وەڵامە کورت و تایبەتەی پرۆفیسۆر سۆبل بۆ ئەم راپۆرتەی گوڵان چەندین خاڵی گرنگمان بۆ دەستنیشان دەکەن، کەخاڵەکانی نێو گوتارەکەی سەرۆك بارزانی پێکەوە رێگەی ئاییندەمان بۆ روناك دەکاتەوە :

١- پرۆفیسۆر ئەندریۆ سۆبل لە وەڵامی گوڵاندا پەنای بۆ پێناسەی دۆگلاس نۆرس بردووە کە خەڵاتی نۆبڵی لە ئابوریدا وەرگرتووە و ئاماژە بەوە دەکات، دامەزراوەکان دوو جۆرن یەکەمیان دامەزراوەی باش کە تاك هاندەدەن بۆ ئەوەی سەروەری یاسا جێبەجی بکات و لەم حاڵەتەدا خودی دەوڵەتی دامەزراوە دەبێتە دڵی سەروەری یاسا، دەبێتە تەواوکار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی قانوون، سەرۆکی کوردستانیش لە گوتارەکەیدا دەڵێت «دەبێت سیستەمی دادوەری سیستەمێکی سەربەخۆیی پیشەیی بێت»لەمەش زیاتر لەسەر پێشنیاری سەرۆك بارزانی وەزارەتی دادی گۆڕدراوە بۆ وەزارەتی داد و داواکاری گشتی و، سەرۆك داوا دەکات دەبێت کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ دامەزراندنی دواکاریەکی گشتی بەهێز بکات.

٢- جەختکردنەوەی سەرۆك بارزانی لەسەر سیستەمی دادوەری سەربەخۆیی پیشەی و دامەزراندنی داواکاری گشتی بەهێز. واتە یاسا رێگە نادات دامەزراوەی خراپ دروست بێت یان دامەزراوەکان ببنە هاندەر بۆ تاکەکان بۆ ئەوەی لە رێگەی راست و پیادەکرنی سەروەریی یاسا لانەدەن و رووبکەنە گەندەڵی و مەحسوبیەت و مۆنۆپۆڵکردنی هەلەکانی کار.

٣- سەرۆك بارزانی هەستیکردووە دامەزراوەکانمان لەم قۆناخە بەو ئاستە کامڵ نەبوون، کە پێیان بگوترێت دامەزراوەی باش بۆیە بەشەخصی دێتە ناو پرۆسەکە و جەخت لەسەر دوو خاڵی گرنگ دەکاتەوە سیستەمی دادوەری سەربەخۆ و داواکاری گشتی، ئەمەش نیشانەی دووربینی سەرۆك بارزانیە، نەك بۆ ئەوەی لە ماوەی سەرۆکایەتیەکەی سەرکەتوو بێت، بەڵکو ئامانجی سەرۆکی کوردستان ئەوەیە دەوڵەتی دامەزراوە و دەوڵەتی سەروەریی یاسا لە کوردستان ببێتە مۆدێل و نەوەکانی ئاییندە بەکەمتر لە دەوڵەتی دامەزراوە و سەروەری یاسا رازی نەبن.

٤- پرسیاری گرنگ کە پرۆفیسۆر سۆبل دەیوروژێنێت ئەوەیە ئایا ئەم ئەرکە ئاسانە و دەکرێت شانی بخرێتە بەر ؟ پرۆفیسۆر سۆبل راشکاوانە بۆ گوڵان دان بەو راستیەدا دەنێت، ئەم پرسیارە شایستەی ئەوەیە پێی بگوتریت پرسیاری یەك ملیۆن دۆلاری و هەرکەس وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە هەقە یەك ملیۆن دۆلار خەڵات بکرێت،هۆکاری ئەم ترسەی پرۆفیسۆر سۆبل لەوەوە نیە کە جێبەجێکردنی سەروەریی یاسا خواستی هەموو نەتەوەیەك یان باوکێکی دامەزرێنەر نیە، بەڵکو ترسی پرۆفیسۆر

**دامەزراوەی باش پشتگیری سەروەری یاسا دەکات و بەردەوام بە پێی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگە پێشدەکەوێت**

**دەستی دەرەکی ناتوانێت دامەزراوەی باش دروست بکات**

**دەبێت بنەماکانی لیبرالیزم لە کۆمەڵگە بچەسپێت و ئاستی هۆشیاری سیاسیی هاوڵاتیانی کوردستانیش بەو ئاستە بەرز بکرێتەوە لە گەوهەری بنەماکانی لیبرالیزم تێبگەن، ئەو گەوهەرەی کۆمەڵگەی داخراو کۆتایی پێدەهێنێت و جاری کۆمەڵگەی کراوە دەدات**



**ماکس ڤێبەر کاتێک ئاکاری پرۆتستانتی و گیانی سەرمایەداری پێکەوە کۆکردەوە، ئەم دوانە پێکەوە کۆنەدەکرانەوە ئەگەر دامەزراوەیەک نەبوایە پێکەوە کۆیان بکاتەوە، لە پێناوی ئەوەی ئایین نەبێتە ڕێگر لەبەردەم ئەم گۆرانکاریە، هات ریفۆرمی ئایینی کرد، بۆیە لە کتێبەکەیدا نالێت ئاکاری مەسحیەت و گیانی سەرمایەداری بەڵکو دەڵێت ئاکاری پرۆتستانت و گیانی سەرمایەداری**

سـۆبل لەو قورسی ئەو میکانیزمەیە کە دەبێتە زەمینەی گونجاو بۆ جێبەجێکردنی سـەروەری یاسا، ئەم پرۆسـەیە ئەگەر سـەرکەتوو بێت واتە پرۆسەی بونیادی نەتەوە سـەرکەوت و قۆناخی ڕاگواستن کۆتایی هـات، بۆیە بۆ ئەوەی بتوانرێت ئـەم زەمینەیە برەخسـێت دەبێت هەموو بنەماکانـی لیبرالیـزم لـە کۆمەڵگە بچەسـپێت و ئاستی هۆشیاری سیاسیی هاوڵاتیانی کوردسـتانیش بەو ئاسـتە بەرز بکرێتـەوە لە گەوهەری بنەماکانی لیبرالیـزم تێبگەن،ئـەو گەوهـەرەی کۆمەڵگەی داخراو کۆتایی پێدەهێنێت و جارِی کۆمەڵگەی کراوە دەدات، ئەمەش پرۆسەیەکی مێژوویە درێژخایەنە.

٥- بۆ ئەوەی ماوەی ئەم پرۆسە مێژوویە درێژخایەنەش کورتبکەینەوە، پرۆفیسۆر تـۆم .جی.پاڵمەر لە ئامـۆژگای کاتۆ و لـە وتارێکیدا بەناونیشـانی «ڕۆڵی دامـەزراوەکان لـە پەرەپێداندا»دەڵێت، دامـەزراوەکان دەتوانن ئەو ڕێگە دوورەی گەلانی دیکە بەسـەدان ساڵ بڕیویانەو دامەزراوە، چەندین جار بەرابەر ئەو ماوەیە کەمبکاتـەوە، مرۆڤایەتیـش ئەزموونی لەمجۆرەی هەیە کە شانازی پێوە بکات، هەربۆیە ئەگەر چەسـپاندی بنەماکانی لیبرالیزم لە ١٠٠ ساڵدا توانیبێتی چەند هەنگاوێك بەریتانیا بەرێتە پێشـەوە، ئەوا لە ژاپۆن لە ماوەی تەنها ٣٠ سـاڵدا ئەو پێشکەوتنە ڕوویداوە و لە کۆریا لە ماوەی ١١ ساڵدا.

٦- ئەوەی پاڵمەر وەك سیحری کاریگەری دامـەزراوەی باش ئامـاژەی پێدەکات، ئـەو ماوەیـە کە چینێکـی ناوەندی بەهێزی ئەوتۆ دروستدەبێت، کە پێویستی بـە پیادەکردنی سـەروەریی و یاسـا و ملکەچبوون بۆ سـەروەریی یاسا دەبێت، ئەمەش واتە دامەزراوەی باش کە دەبێتە کارگە بۆ بەرهەمهێنانی چینی ناوەندی بەهێز.ئەو چینە سەروەری یاسا و بوونی یاسا دەکاتە پێویستیەکی کۆمەڵگە.

٧- ئەم پێداویستیە گرنگەیە بیرمەندێکی وەك فەرید زەکەریا، ئاییندەی ئازادی لە جیهاندا دەبەسـتێتەوە بە لیبرالیزمەوە» لیبرالیـزم وەك چەمك کـە کۆمەڵێك

پرانسیپە پێکەوە نەك چەمکی لیبرالیزم وەك مانای وشـــە تەرجەمــە بکەین» لیبرالیـــزم وەك چەمـــك جیـــاوازە وەك لیبرالیزم بە مانای وشــە، ئەم جیاوازیە لیبرالیـــزم لـــە فریـــدەم «ئـــازادی» جیادەکاتەوە، راســـتە ئامانجی لیبرالیزم گەیشـــتنە بە فریدەم «ئازادی» بەڵام ئـــەم ئامانجـــە بـــە میکانیزمێك دێتە دی کـــە پێیدەگوتریت پرانســـیپەکانی لیبرالیزم، واتە «سەروەریی یاسا، مافی موڵکداریەتی تایبەت، ئازادی رادەبرین ومیدیای ئازاد، چالاکی سیاســـیی.. هتد» ئەوجـــا هەریەکێك لەو خاڵانەش لە کاتی جێبەجێکردندا پرانسیپی خۆی هەیە و لەگەڵ پرانســـیپەکانی لیبرالیزم یەکدەگرێتـــەوە و جـــۆرە ئەخلاقیەتێك لـــە کۆمەڵـــگا دروســـتدەکات کە تاك مانای ئـــازادی خۆی لـــە رێزگرتنی بەرامبەرەکەیدا دەبێنێتەوە، رۆشنبیرییەك دروســـتدەکات کە بتوانێت بەشێوەیەکی راســـت مامەڵە لەگەڵ دامەزراوەکانی دەوڵەت بکات،ئەمەیە دەبێتە رەخساندنی زەمینەی گونجاو بۆ ئەوەی ســـندوقی دەنگدان لە شوێنی شیاوی خۆی دابرێت و بەرهەمەکەی لیبرال دیموکراتی بێت.

٨- مێـــژووی ٦٠ ســـاڵی رابردوو نەك هەر پێمان دەڵێت، بەڵکو سەلماندوویەتی بەبێ چەسپاندنی لیبرالیزم دیموکراتیەت بونیاد نانرێت، بەبێ ســـەروەریی یاسا و مافی موڵکداریەتی تایبەت و ئازادی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ دیموکراتی هیـــچ مانایەکی نیە، بـــەڵام بنەمای جێبەجێکردنـــی هەموو ئەو فاکتەرانەی مانـــا بـــۆ دیموکراتی دروســـتدەکەن، بونیادی دامەزراوەی ساخڵەم و بونیادی دەوڵەتی دامەزراوەکانـــە، ماکس ڤێبەر کاتێك ئاکاری پرۆتســـتانتی و گیانی سەرمایەداری پێکەوە کۆکردەوە، ئەم دوانە پێکەوە کۆنەدەکرانەوە ئەگەر دامەزراوەیەك نەبوایە پێکەوە کۆیان بکاتەوە، لە پێناوی ئەوەی ئاییـــن نەبێتە رێگر لەبەردەم ئەم گۆرانکاریە، هـــات ریفۆرمی ئایینی کرد، بۆیە لە کتێبەکەیدا ناڵێت ئاکاری مەســـحیەت و گیانی ســـەرمایەداری بەڵکو دەڵێـــت ئاکاری پرۆتســـتانت و گیانی ســـەرمایەداری، مەبەستیشـــی لـــە ئـــاکاری پرۆتســـتانت ئەوەیـــە، ئایینی مەســـیحیەت رێگرنیە لەبەردەم پیـــرۆزی کار، داهێنان،هاندان،بۆیـــە پێویســـتە ئەم ئـــاکارە جوانانە گیانی ســـەرمایەداری لەگەڵ بیرۆکراســـیەت لـــە ناو دامـــەزراوەی دەوڵـــەت تێکەڵ بکرێت، راســـتە ئەم هەنگاوەی ڤێبەر لە ئاکامی بەرەوپێشەوەچوون و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا رەخنەو فراوانبوونی بەخۆیەوە بینیەوە، بەڵام سەرکەوتنی ڤێبەر ئەوەیە کە ئەم تێکەڵاوکردنەی توانا شاراوەکانی کۆمەڵگـــە و ئاکارە جوانەکانی پیرۆزی کار و رێزگرتـــن لە مافی موڵکاریەتی تایبەت،چینی ناوەند دروستدەکات، ئەو چینە ناوەندەی ســـەروەریی یاســـا وەك پێویستیەك سەیر دەکات.

## بۆ ئەم ئامانجە گرنگە چۆن هاوکاری سەرۆکی کوردستان بکەین؟

ئەوەی جێگە هەڵوەستە کردنەو پێویستی بەوەیـــە کە بە هۆشـــیاریەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین ئەوەیە ئەو خاڵانەی لەناو گوتارەکەی سەرۆکی کوردستان هاتوون، هەموو پێکەوە ئایندە دروستدەکەن،کەواتە ئێمـــە ناتوانین بەدیدێکـــی ئینتقائیانە ئەو گوتارە بخوێنینـــەوە و ئەو خاڵەی لەبەرژەوەنـــدی خۆمان بێت ستایشـــی بکەین و ئەوەی بە دڵیشمان نیە خۆمانی لێ دووربخەینەوە یان پشتگوێی بخەین، بۆیە بە جێگەی خۆی دەزانین بڵێین:

١- هیـــچ لایەنێکـــی سیاســـیی لـــە کورددســـتاندا نیە، بەپارتی دیموکراتی کوردستانیشـــەوە، تەواوی ئەم گوتارەی سەرۆکی کوردستان بەبەرژەوەندی خۆی بزانێـــت، بۆیە چەندیـــن خاڵی گرنگی تێدایە پێش هەمووـــمان لە بەرژەوەندی هەستیاری زۆر ئەندامی پارتی دەدات.

٢- جوانـــی و گەورەیی ئـــەم گوتارە لەوەدایە، هەرکەسێك لێی نزیك بێتەوە و بیەوێت هاوکاری سەرۆکی خۆی بکات، دەبێت داوا بکات بەشـــێك لە ئازارەکانی جێبەجێکردنی ئـــەم بەرنامەیە بکەوێتە سەرشانی.

٣- مانای ئەم وتارە گێرانەوەی بەهایە بۆ بەهاکانی کۆمەڵگەی کوردســـتان، بۆیە سەرۆك پێمان دەڵیت، بەهای گەورە و گێرانەوەی مانا بۆ بەها پیرۆزەکان بە شاندانە بەر ئازاری گەورە لە دایك دەبن، هەموو مرۆڤێك لەم گوتارەیە باڵا نابێت هەتا لەژێر قورسایی جێبەجێکردنی ئەو بەرنامەیە بەرگە بگرێت، چەند بەرگەی ئـــازاری جێبەجێکردنی ئـــەم بەرنامەیە بگرین، هێنـــدە باڵاتـــر دەبین و کۆی باڵایی تاکەکانیـــش، نەتەوەیەکی خاوەن شکۆ لەسەر ئاســـتی ناوچەکەو جیهان بەرهەمدەهێنێت.

خاڵێکی دیکە کەلێـــرەدا دڵنیاین دەبێتە پرســـیار لای خوێنەرانی ئـــەم راپۆرتە ئەوەیە، کـــە خوێنەران لێمان دەپرســـن، کە ئێـــوە دەزانن ئەم بەرنامەیە هەمووی پێکەوە وەك کۆمەڵێك چەمك و پرانسیپ پێکـــەوە نەبێـــت ئامانجەکـــەی خۆی ناپێکێت، ئایا خێرە ئێوە تەنها هەڵوەستە لەســـەر دەوڵەتی دامەزراوە و سەروەریی یاســـا دەکەنەوە؟وەڵامی ئەم پرسیارە بە میتۆدی ئەم راپۆرتە ئەوەیە، کە هەموو بەرنامەکەی سەرۆکی کوردستان پێکەوە دەوڵەتـــی دامەزراوەیی و ســـەروەریی یاسا بەمانای چەســـپاندنی بنەماکانی لیبرالیزم بەرهەمدەهێنێت، هەموو ئەوەی لە وتارەکەیدا باســـیکردون پێکەوە لەناو دەوڵەتی دامەزراوە و ســـەروەریی یاسادا ماناو بەها جوانەکانیان دەردەکەون،هەموو ئەو بەهایانەی ئێستا بێمانا کراون لەناو دەوڵەتی دامەزراوە و ســـەروەریی یاسا مانایان بۆ دەگەرێتەوە.

بۆیە کاتێك دەمانەوێت لەم ئەرکە پیرۆز و مێژوویـــەدا هاریـــکاری ســـەرۆکی خۆمان بکەین، دەبێت ئەو راســـتیەمان لەبەر چاو بێت، کە پەیامەکەی سەرۆك مسعود بارزانی دوێنێی کرد بە رابردوو، بەو رابردوویەی کـــە زەمینەی هەنگاو هەڵگرتنی بـــۆ ئێســـتا پێهەڵگرتین و لـــە ئێســـتاوە هەولدەدەین بـــۆ ئایینده هەنگاو هەڵبگرین،بەڵام رێگەی ئایندە گوڵرێژکراو نیە و لەگەڵ سەرۆك بەناو درکەڵاندا دەرۆین و دەوڵەتی دامەزراوە و سەروەریی یاسا بۆ ئێستای خۆمان و نەوەکانی ئاییندەی نەتەوەکەمان بەدیاریی دێنینەوە، لەم کاروانەدا تەنها ئەو مرۆڤە باڵایانە دەتوانن یاوەری سەرۆکی خۆیان بن، کـــەوەك ســـەرۆك درکەڵانی رێگە چۆکیان پێدانادات.

**هەرکەسێک بیەوێت هاوکاری سەرۆکی خۆی بکات، دەبێت داوا بکات بەشێک لە ئازارەکانی جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە بکەوێتە سەرشانی**



## کرانەوەی دیموکراتی تورکیا بەهێزدەکات

# هێزی نەرمی سەرکردایـــ

# لێکتێنەگەیشتنی گۆڕی بۆ دراوسێـــ

## و کوردستانیش دەکاتە دراوسێی ئەوروپا

# ـــەتی هەرێمی کوردستان
# ـــیەتی باش و بەرژەوەندی هاوبەش



## «ئێمە مێژوو نانووسین، مێژوو دروستدەکەین»

### عەبدوڵڵا گول سەرکۆماری تورکیا

***

پرۆسەی «کرانەوەی دیموکراتیانە» بەرووی کورد، بەسەردانی شاندێکی باڵای تورکیا بەسەرۆکایەتی ئەحمەد داود ئۆغلۆ وەزیری دەرەوە و هاوڕێیەتی زافەر چاگلایان وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بازرگانی و پیاوانی کاری تورك بۆ هەرێمی کوردستان و دواتریش کۆبوونەوەیان لەگەڵ سەرۆك بارزانی و راگەیاندنی مژدەی کردنەوەی کۆنسوڵخانەی تورکیا لەهەولێر، پێی نایە قۆناخێکی تازە.

ئەم دیدارە هەر لە سەرەتاوە بە پێشوازیکردنی وەفدی حکومەتی تورکیا لەلایەن منداڵانی کوردەوە بە ئاڵای کوردستان و چەپکەگوڵەوە دیدێکی تازەی هێنایەکایەوە لەنزیکبوونەوە و برایەتی نێوان گەلاندا و بووە وەرچەرخانێکی مێژووی گەورە لەپەیوەندی نێوان هەولێر و ئەنقەرە. هاوکات سەردانەکە زەمانی لێکتێنەگەیشتنیشی گۆڕی بۆ پرەنسیبی دراوسێیەتی باش و بەرژەوەندی هاوبەش، بەمەش هەوڵەکان لەقۆناخی دیالۆگەوە گواسترانەوە بۆ قۆناخی جێبەجێکردن. چاوەڕێش دەکرێ حکومەت لەماوەیەکی نزیکدا پرۆژەی «کرانەوە بەرووی کورد» بباتە پەرلەمان و لەهەمانکاتدا بیخاتە کارنامەی کۆبوونەوەی ئەنجوومەتی وەزیرانەوە.

ئەم هەنگاوە «دراماتیکیی»ەی ئەحمەد داود ئۆغلو، کە بەئەندازیاری ئاشتی ناسراوە، دەسپێکی قۆناخێکی زۆر گرنگ و مێژوویییە لەنزیکبوونەوەی نێوان هەولێر و ئەنقەرە، ئەم قۆناخە تازەیە لەپشکووتنی خونچەیەك دەچێ کە تازە گوڵ دەکات، ئەمەش هیوایەکی گەورە بەکورد و ئاشتیخوازانی ناوچەکە دەبەخشێت.

عەبدوڵلا گول سەرکۆماری تورکیا لەسەرەتای راگەیاندنی ئەو سیاسەتە نوێیەی وڵاتەکەی، روونیکردەوە کە یەکەمجارە هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەوە زەمینەیان رەخساندووە تاکو گەورەترین و قوڵترین کێشەی تورکیا، کە کێشەی کوردە، چارەسەر ببێت و بۆیە داوای کرد ئەو هەلە مێژووە لەدەستدەرنەچێت.

لەبەرئەوە ئەمرۆ تورکیا کەوتۆتە نێو ساتەوەختێك و تاقیکردنەوەیەکی مێژوویی هەستیار و چارەنووسساز. یان ئەوەتا بەهۆی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی بەپێی پێوەرەکانی سیاسەتی ئەمرۆیی جیهانی، دەبێتە پردێك لەنێوان ئەورووپا و رۆژهەڵاتی ناوین، بەواتەیەکی دیکە لەنێوان ئەوروپا و جیهانی ئیسلامی و دەبێتە دەوڵەتێکی بەهێز لەناوچەکەدا. یانیش ئەوەتا بەهۆی ئەو قەیرانەی کە بەهۆی کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی تێیکەوتووە، هیوای کوردانیش دەشکێنن و کابووسێکی تازە دەخوڵقێنێ، کابووسێك کە دنیای کوردانیش تاریك دەکات و لەهەمانکاتدا سیستمی سیاسیی لەتورکیاش تووشی داڕووخان دەکات و رۆژ لەدوای رۆژ مارژینالیزەتری دەکات و، لەشوێنی ئەودا ئێران وەکو هێزێکی ناوچەیی گەورە هەژموونی خۆی بەسەر ناوچەکەدا دەسەپێنێت.

بەگوێرەی لێدوانەکانی کاربەدەستانی دەوڵەتی تورکیا لەبەرامبەر چارەسەرکردنی پرسی کورد لەوڵاتەکەیاندا و هێنانەکایەی پرۆژەی «کرانەوەی دیموکراتی» بەرووی کورد و واژۆکردنی پرۆتۆکۆلی دۆستایەتی لەگەڵ ئەرمینیا و نزیکبوونەوە لەسوریا و راکێشانی هاوسۆزی وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی لەکێشەی فەلەستین-ئیسرائیل و ئاسایکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ پاکستان و هەروەها نەرمی نوندان لەبەرامبەر سیاسەتەکانی ئەمریکا و ئەوروپا پێدەچێ دەوڵەتی تورکیا درکی بەراستییەکان و هەستیاری ئەم قۆناخە سیاسییە کردبێت و بیەوێ کێشە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی سفر بکاتەوە و بەشێوەیەکی ئیجابیانە مامەڵە لەگەڵ ئەم قۆناخە تازەیە بکات.

لەو نێوانە گرنگترین خاڵ و مەسەلە کە تورکیا هەڵوەستەی لەسەر کردبێت، رۆشنایی خستنە سەر چارەسەری کێشەی کورد و هێنانە پێشەوەی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی بەرووی کوردە. زۆربەی چاودێران لەو باوەڕەدان، ئەگەر تورکیا ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیێە بکات و جیددی بێت ئەوا دەرمانی دەردی خۆی دۆزیوەتەوە، چونکە کێشەی کورد لاوازترین خاڵی تورکیا و چەقی قورسایی هەموو کێشەکانی تریشە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا. لەبەرئەوە تورکیا چانسی هەیە لەم قۆناخەدا لاوازترین خاڵی خۆی بگۆڕێت بۆ هێز. لەم واتایەدا تورکیا دەتوانێت ئەمڕۆ لەڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە قەڵەمبازێکی گەورە ئەنجامبدات و لەجیاتی ئەوەی لەنێو قەیراندا بخنکێت، دەبێتە هێزێکی ناوچەیی گەورە کە شکۆی لەئێران کەمتر نەبێت.

لەم رووەوە نموونەی مێژوویی و زەقمان هەیە. کاتێك لەسەرەتای سەدەی شانزەدا ئیمپراتۆریای عوسمانی لەگەڵ ئیمپراتۆریای سەفەوی لەشەڕێکی سەختدا بوو و توانای پاراستنی سنووری باشووری رۆژهەڵاتی لەدەست دەرچووبوو. بەڵام کاتێك لەگەڵ کورد رێکدەکەوێت بەپێشەنگایەتی شێخ ئیدریسی بەدلیسی، ئەوا لەو شەڕەدا سەردەکەوێت و پاراستنی سنووری باشووری رۆژهەڵاتیش لەڕێگەی کوردانەوە مسۆگەر دەکات. جگە لەمە لەشەڕی رزگاری نیشتمانیش دژ بەفەڕەنسییەکان بەهاوکاری کوردان سەردەکەوێت و کۆماری تورکیای هاوچەرخ دادەمەزرێنێت.

بۆیە دەتوانین بڵێین، بەردەوام کورد لایەنی خێر بووە بۆ تورکیا و هەموو کاتێك لەمیانەی رێککەوتن لەگەڵ کورددا قازانجی گەورەی کردووە و بەهێز بووە. بەپێچەوانەشەوە کاتێك لەگەڵ کورد ناکۆك بووە هێزێکی زۆری لەدەستداوە و لاواز بووە.

لەبەرئەوە ئێستا تورکیا لەگەڵ مێژووی خۆیدا رووبەڕوو دەبێتەوە و گۆڕان لەدەرگای دەدات، بۆئەوەی ئەو گۆڕانکاریانەش بەسەرکەوتوویی بەئەنجام بگات، پێویستە تورکیا سەرلەنوێ پەیوەندی خۆی لەگەڵ کورد بەگشتی و بەتایبەتیش کوردی تورکیا رێکبخاتەوە و کێشەی کورد چارەسەر بکات. تورکیا خۆیشی درکی بەم راستییە کردووە و بەهێنانە پێشەوەی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراسی بەرووی کورددا سەرەتایەکی باشیشی دەستپێکردووە. بەڵام ئەمە مانای ئەوە ناگەیەنێت کە بەرێوەچوونی قۆناخی چارەسەری کێشەی کورد هیچ ئاستەنگ و گرفتێکی لەرێگادا نییە و بەئاسانی بەرێوەدەچێ. نەخێر، ئەم قۆناخەش کۆسپ و کەندالی تێدەکەوێت و فاکتەری واش لەئارادان کە ئاستەنگ بخەنە بەردەم ئەم قۆناخە یان دوای بخەن. لێرەدا گوڵان هەوڵدەدات بەکورتی باس لەو فاکتەرانە بکات، کە بەئیجابی کاریانکردۆتە سەر ئەم قۆناخە یان لەداهاتوودا کاردەکەنە سەر ئەم قۆناخە.

**ئەگەر تورکیا ژیرانە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆسیێە بکات و جیددی بێت ئەوا دەرمانی دەردی خۆی دۆزیوەتەوە، چونکە کێشەی کورد لاوازترین خاڵی تورکیا و چەقی قورسایی هەموو کێشەکانی تریشە لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوەدا**

**یەکێتی ئەوروپا پێیوایە تەنها تورکیایەکی بێ کێشە و بەهێز دەتوانێت ببێتە پرد لەنێوان ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوین**

**یەکەم/ سەنگ و قورسایی دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان:**

هەرچەندە حکومەتی تورکیا هەر لەسەرەتاوە بەچاوی گومانەوە تەماشای ئەزموونی هەرێمی کوردستانی دەکرد و بەشێوەگەلی جیاوازیش هەڵوێستی دژبەری بەرامبەر نیشاندەدا. بەڵام بەهۆی پێڕەوکردنی سیاسەتێکی نەرم و ژیرانە لەلایەن نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی پێشوو و بەگەڕخستنی لۆژیکی دیپلۆماسی لەلایەن سەرکردایەتی سیاسیی کوردەوە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، تورکیا تا ڕادەیەکی باش چاوی بەهەڵوێستەکانیدا خشاندەوە، لەمەش زیاتر ئەم سیاسەتەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد و بەکارهێنانی «هێزی نەرم» لەلایەن هەرێمی کوردستانەوە جەسارەتی ئەوەی بەتورکیا بەخشی کە باس لەچارەسەری مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو مەسەلەی کورد لەسنووری وڵاتەکەی خۆیدا بکات. لێرەدا هەوڵدەدەین لەچەند خاڵێکدا ئەو فاکتەرانە بخەینەڕوو کە جورئەت و بوێریان بەتورکیا بەخشی و کاریگەری ئیجابیانەیان کردە سەر حکومەتی تورکیا لەداڕشتنی ئەم سیاسەتە نوێیە و هێنانەکایەی پرۆژەی دیموکراتی بەڕووی کورددا.

أ/ لەدوای کەوتنی ڕژێمی سەددام لەساڵی ٢٠٠٣ سەرکردایەتی سیاسیی کورد خۆی و بەبێ ئەوەی کەس داوای لێبکات لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی هەرێم وەکو هێزێکی کاریگەر بەشداری لەپرۆسەی سیاسیی بۆ دووبارە بنیاتنانەوەی دەوڵەتی عێراق کرد. جگە لەمە سەرکردایەتی سیاسیی کورد لەماوەی ٦ ساڵی رابردوودا لەمیانی سیاسەتێکی ورد و واقیعیانەوە مامەڵەی لەگەڵ حکومەتی ناوەندی بەغدا کرد و لەهەموو کێشەکاندا گەڕایەوە بۆ دەستوور و دانوستاندن بەمەبەستی گەیشتن بەچارەسەریی گونجاو. ئەم سیاسەت و هەڵوێستە بەرپرسیارانەیە جۆرێك لەدڵنیایی بەکاربەدەستانی تورك بەخشی و بۆیان روون بووەوە کە ئەگەر دەرفەتیش هەبێت کورد جیانابێتەوە و دەیەوێ لەسنووری ئەو وڵاتەی تێیدا دەژیت کێشەکانی بەئاشتی چارەسەر بکات. هەروەك سەرۆك مسعود بارزانیش لە وتارەکەی خۆیدا لەمیانەی مەراسیمی سوێندخواردن و دەستبەکاربوونی حکومەتی شەشەمدا روونیکردەوە کە هەرێمی کوردستان بەشێکی گرنگە لەعێراقی فیدراڵ و بەجیددی بەشداری لەپرۆسەی سیاسیی بەغدادا دەکات.

ب/ لەماوەی ١٨ ساڵی رابردوودا، بەتایبەتیش ئەم ٦ ساڵەی دوایی، هیچ کاتێك هەرێمی کوردستان نەبۆتە فاکتەری هەڕەشە بۆ سەر بەرژەوەندی و ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا. بەپێچەوانەوە هەرێمی کوردستان هەمیشە خوازیاری پەیوەندییەکی باش و دۆستانە بووە و بەردەوام بۆ پەرەپێدانی پەیوەندییە سیاسیی و دیپلۆماسی و ئابوورییەکان دەرگای کراوە بووە. تەنانەت لەو کاتانەی بارگرژی و ئاڵۆزی روویانداوە و تورکیا هەڕەشەی لەشکرکێشی کردووە، ئەوا سەرکردایەتی سیاسیی کورد هەوڵیداوە کەشوهەواکە هێور بکاتەوە و لەڕێی گفتوگۆ و دانوستاندنەوە کێشەکان چارەسەر بکات. دیارە ئەم سیاسەتە نەرم و مەنتیقیانەی سەرکردایەتی سیاسیی کورد تورکیای ناچاری بەخۆداچوونەوە کردووە. سەرەنجام بینیمان ئەو سەردانەی پرۆفیسۆر ئەحمەد داود ئۆغڵوی بۆ هەولێر لێکەوتەوە، وای لەوەزیری دەرەوەی تورکیا کرد بەسەرسامییەوە پێشکەوتنەکانی هەرێمی کوردستان بنرخێنێت، کاتێك گوتی: «هەولێر بەماڵی خۆمان دەزانین، وەرن با پێکەوە زیاتر هەولێر تەشویق بکەین... هێنانەکایەی ئەو رۆژە خۆشانەش بەهەوڵ و هیممەتی سەرۆك بارزانی و کەسانی وەك ئەو ئەنجامگیر دەبێت.. ئێمە دەرگای ئێوەین بەڕووی ئەوروپا ئێوەش دەرگای ئێمەن بەڕووی باشوور و کەنداو»، ئەمەش بەموجامەلەیەکی سیاسی و ئابووری گرنگی تورکیا بەرامبەر هەرێمی کوردستان دادەنرێت.

لەمەودوا لەسەر تورکیاش پێویستە دان بەستاتۆی فیدراڵی هەرێمی کوردستان بنێت و بەئاشکرا مامەڵەی لەگەڵدا بکات و پەلە بکات لەکردنەوەی کۆنسوڵخانەی گشتی لەهەولێر و، پاشەکشێ بەسەرباز و دەزگا هەواڵگرییەکانی خۆی لەهەرێم بکات و رێککەوتننامەیەکی فرەلایەنەش لەبواری ئابووری و بازرگانی و کولتووری و زانستی و بوارەکانی «دیکەی نەوت و گاز و وزە و رێگاوبان و بیناسازی» ئیمزا بکات. هەروەها رێگا بەسەرمایەگوزاری دوولایەنە و ئاڵوگۆڕی کولتووری و کرانەوەی زیاتر بدات لەنێوان هەردوولادا و لانی کەمیش دوو دەروازەی سنووری بکاتەوە بۆ خێراکردنی جموجۆڵە بازرگانییەکان.

ج/ بوونی هەرێمی کوردستان وەکو قەوارەیەکی سیاسیی بەشێوەیەکی راستەوخۆ بوو بەهێزێکی مەعنەوی گەورە بۆ کوردەکانی تورکیا بۆ ئەوەی ئەوانیش بکەونە خۆ و لەمیانی خەباتێکی سیاسیی و دیموکراتیانە داوای ماف و چارەسەری کێشەکانیان بکەن لەچوارچێوەی سنووری تورکیادا. هەر ئەمەش وایکرد لەتورکیا هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی نێو پەرلەمان و شارەوانییەکان تاڕادەیەك سەرکەوتوو بێت و ئەم سەرکەوتنەی کوردەکانی تورکیا لەهەڵبژاردنەکان پەیامی ئەوەی بەکاربەدەستانی تورك دا، کە ئەوانیش دەیانەوێ بەشێوازێکی دیموکراتیانە و ئاشتیانە کێشەکانیان لەچوارچێوەی سنووری تورکیادا چارەسەر بکەن. واتە بوونی قەوارەیەکی سیاسیی وەکو هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئیجابیانە کاری کردە سەر هەڵوێستی کورد لەتورکیا و حکومەتی تورکیا بۆئەوەی تاڕادەیەك لەیەکترگەیشتن لەنێوانیاندا دروستبێت و دەرگای دیالۆگ بەڕووی یەکتردا بکەنەوە.

**دووەم/ کاریگەری و هەڵوێستی ئەمریکا:**

ئەمریکا وەکو زلهێزێکی جیهانی لەگەڵێك رووەوە راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر تورکیا هەیە، ئەم کاریگەرییەش بۆ دەورانی شەڕی سارد دەگەڕێتەوە و هەر لەو کاتەوە هاوپەیمانێتییەکی گرنگ و ستراتیژی لەنێوان واشنتۆن و ئەنقەرە بەدیدەکرێت. ئەمریکا دوای رادەستکردنەوەی عەبدوڵلا ئۆجەلان بەتورکیا هەڵوێستی سەبارەت بەکێشەی کورد لەتورکیا گۆڕا. پێیوابوو ئیدی تورکیا ناتوانێت بەلۆژیکی هێزی سەربازی کێشەی کورد چارەسەر بکات و دەبێت رێگەچارەی سیاسیی بدۆزێتەوە و بگەڕێتەوە سەر مێزی دیالۆگ. تەنانەت مەرجێکیشی بۆ رادەستکردنەوەی ئۆجەلان ئەوەبوو کە ئیدی تورکیا دەبێت بەشێوەیەك لەشێوەکان کێشەی کورد چارەسەربکات. هەرچی ئەمڕۆیە ئەمریکا زیاتر جەخت لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد

**تورکیا دەتوانێت ئەمڕۆ لەڕێگەی چارەسەرکردنی کێشەی کوردەوە قەڵەمبازێکی گەورە ئەنجامبدات و لەجیاتی ئەوەی لەنێو قەیراندا بخنکێت، دەبێتە هێزێکی ناوچەیی گەورە کە شکۆی لەئێران کەمتر نەبێت**

**بەردەوام کورد لایەنی خێر بووە بۆ تورکیا و هەموو کاتێك لەمیانەی رێککەوتن لەگەڵ کورددا قازانجی گەورەی کردووە و بەهێز بووە. بەپێچەوانەشەوە کاتێك لەگەڵ کورد ناکۆك بووە هێزێکی زۆری لەدەستداوە و لاواز بووە**



دەکاتەوە. تەنانەت هاوکاری پێویستی تورکیاش دەکات بۆ ئەوەی ئەم قۆناخە بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنن. چونکە ئەمریکا ساڵی ٢٠١١ لەعێراق دەکشێتەوە، نایەوێت ناوچەکە بۆ ئێرانێکی بەهێز بەجێبهێڵێت و دەیەوێ تورکیایەکی بەهێزی لەتەنیشت قوت بکاتەوە بۆئەوەی رکابەری بکات. بەهێزبوونی تورکیاش لەڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە تەنها بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد ئەنجامگیری دەبێت. بۆیە چاودێرانی سیاسی پێیانوایە ئەمریکا زیاتر لەجاران هەڵوەستە لەسەر ئەم دۆسێیە دەکات و لەم ڕووە هاوکار و پشتیوانی تورکیاش دەبێت و بەئاراستەیەکی ئیجابی کێشی دەکات. ئەوەتا جەیمس جیفری باڵیۆزی ئەمریکا لەئەنقەرە بەئاشکرا رایگەیاند کە هێزەکانی ئەمریکا تا ساڵێکی دیکە لەعێراق دەردەچن، کاتێك بەزمانێکی دیپلۆماسی گوتی «هێزەکانی ئەمریکا لەکۆتایی ٢٠١١ بەتەواوی لەعێراق دەکشێنەوە. بەمەش رۆڵی ئەمریکا لەعێراق کەم دەبێت، لەبەرئەوە دەبێ کێشەی چەکداماڵینی PKKەش لەهەرێمی کوردستان چارەسەربکەین. بۆ ئەمەش پشتگیری لەسیاسەتی کرانەوەی دیموکراتی تورکیا بەڕووی کورد دەکەین».

بەهەمانشێوە گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئیان کیڵی، پشتیوانی و خۆشحاڵی وڵاتەکەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی پەکەکە لەگەڵ تورکیا راگەیاند. تەنانەت کەسایەتییەکی وەکو کۆڵن پاوڵ وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکاش لەو قەناعەتەدایە کە، ئەم سیاسەتە تازەیەی حکومەت بۆ کرانەوە بەڕووی کورد نەك تەنها دەتوانێ کاریگەری لەسەر ناوچەکە بەجێبهێڵێ، بەڵکو دەتوانێ کاریگەری لەسیاسەتی هەموو دنیا بکات! هەر بۆیە ئەم هێزە نەرمەی سەرۆك ئۆباما پیادەی دەکات، بەئاشکرا رەنگدانەوەی لەسەر ئاساییبوونەوەی پێوەندییەکانی (تورکیا- ئەرمینا)، (تورکیا- پاکستان)، (تورکیا- وڵاتانی عەرەبی) و لەهەمووشیان گرنگتر (تورکیا- هەرێمی کوردستان) هەیە و چاوەڕێ دەکرێ لەداهاتوودا سیما و رەهەندەکانی ئەو سیاسەتە زیاتر دەربکەوێت.

**سێیەم/ هەڵوێست و کاردانەوەی یەکێتی ئەوروپا:**

یەکێتی ئەوروپا لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە بەڕەسمی چارەسەری کێشەی کوردی وەك پێوەرێك بۆ دیموکراتیزەبوونی تورکیا دەستنیشانکردووە، بەتایبەتی کاتێك ڤێرهۆیگن نوێنەری یەکێتییەکە لەسەردانێکیدا بۆ تورکیا هاتە دیاربەکر و لەوێ بەدەنگی بەرز بەڕۆژنامەنووسانی راگەیاند کە رێگای بەئەندامبوونی تورکیا بۆ یەکێتی ئەوروپا بەشاری دیاربەکر تێدەپەڕێت، هەروەها دیموکراتیبوون و ریفۆرمیزەبوونی ئەنقەرەیان وەکو پێشمەرجێك داناوە بۆئەوەی تورکیا بتوانێت لەخێزانی دەوڵەتە شارستانییەکانی ئەوروپا وەربگیرێت. واتە لەساڵی ٢٠٠٠ بەدواوە یەکێتی ئەوروپا گوشاری خستۆتە سەر تورکیا بۆ ئەوەی بەڕووی کورددا بکرێتەوە و گۆڕانکاری ئەنجامبدات. ئەمە یەکێکە لەو هۆکارانەی کە تورکیای ناچار کردووە چارەسەری کێشەی کورد بخاتە رۆژەڤەوە چونکە تورکیا زۆر پێویستی بەئەندامێتی لەیەکێتی ئەوروپا هەیە بۆ پتر ئەنتیگرەبوونی بەدنیای گلۆباڵ.

**ئەمریکا ساڵی ٢٠١١ لەعێراق دەکشێتەوە، نایەوێت ناوچەکە بۆ ئێرانێکی بەهێز بەجێبهێڵێت و دەیەوێ تورکیایەکی بەهێزی لەتەنیشت قوت بکاتەوە بۆئەوەی رکابەری بکات. بەهێزبوونی تورکیاش لەڕووی سیاسیی و ئابوورییەوە تەنها بەچارەسەرکردنی کێشەی کورد ئەنجامگیری دەبێت**



بۆیە دەتوانین هەڵوێستی یەکێتی ئەوروپا بەشێوەیەکی ئیجابیانە بخوێنینەوە و بگەینە ئەو دەرەنجامەی کە لەئاییندەشدا سەبارەت بەم دۆسێیە هەڵوێستی ئیجابی دەبێت، چونکە یەکێتی ئەوروپا پێیوایە تەنها تورکیایەکی بێ کێشە و بەهێز دەتوانێت ببێتە پرد لەنێوان ئەوروپا و ڕۆژهەڵاتی ناوین. بەهەمانشێوە ئێستا هەندێ لەوڵاتانی یەکێتی ئەوروپا گوشار بۆ تورکیا دەهێنێت کە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هەرێمی کوردستان پتەو بکات و سیاسەتی خۆی لەبەرامبەر کەرکووك بگۆڕێت و ماددەی ١٤٠ قەبووڵ بکات و هەوڵبدات کەرکووك و ئەو ناوچانەی کورد و تورکمانی تێدا دەژیت بگەڕێنێتەوە سەر ئیدارەی هەرێمی کوردستان. ئەمەش بۆ ئەوەی پرۆژەی نەوت و گازی هەرێمی کوردستان و «کەرکووك- ئیسکەندەرۆنە» زووتر تەواو بێت و ئەو هێڵە بەپرۆژەی بۆرییەکانی نابوکۆ ببەسترێتەوە، کە ئەم پرۆژەیە زیاتر لە ٤٠٪ی پێداویستییەکانی گازی سروشتی ئەوروپا دابین دەکات و بەمەش وزەی هەرێمی کوردستان دەبێتە بەدیلی رووسیا و وا دەکات لەداهاتوودا بەرژەوەندی ئابووری و سەرمایەگوزاری ئەوروپاش دەکەوێتە هەرێمی کوردستانەوە.

ئێمە لەو راپۆرتەدا بەکورتی پەنجەمان خستە سەر ئەو هۆکارانەی کە بەشێوەیەکی ئیجابی کاریانکردۆتە سەر رەوشی خۆیی تورکیا و جورئەتیان پێداوە بۆ ئەوەی هەستیارترین دۆسێی، کە چارەسەرکردنی کێشەی کوردە، بخاتە ڕۆژەڤەوە و کاری لەسەر بکات. بەتایبەتیش پێویستە لەنێوان هەموو پاڵنەرەکاندا ئەو دوو لایەنەش زەقبکەینەوە، کە زۆربەی چاودێرانی سیاسیی پێیانوایە مەسەلەی ئەندامێتی تورکیا لەیەکێتی ئەوروپا و شەرعیەتی قانوونی هەرێمی کوردستان دوو هۆکاری سەرەکی و بەرچاون لەدەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە لەلایەن حکومەتی تورکیاوە. هەموو ئەو هۆکارانەشی خستمانەڕوو، هۆکارگەلی زیندوون و لەو بڕوایەداین لەداهاتووشدا کاردەکەنە سەر هەنگاوەکانی دەوڵەتی تورکیا و دەبنە مایەی پێشڤەچوونی پرۆسەکە.

پێویستە دان بەو هەقیقەتەش بنێین، هەروەك چۆن دیفاکتۆی هەرێمی کوردستان کاری کردۆتە سەر کێشەی کورد لەتورکیا و لەداهاتووشدا ڕەنگدانەوەی زیاتری دەبێت. بەهەمانشێوە هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا کاریگەری گەورەی دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان و ئاسۆی پێوەندییەکانی نێوان هەولێر و ئەنقەرە. یەکێك لەو کاریگەریانەش کە ئێستا دەتوانین ئاماژەی پێبکەین، ئەوەیە کە پێگەی کورد لەعێراقدا لەڕووی سیاسیی و دیپلۆماسی و ئابوورییەوە بەهێز دەکات و بواری بەرەوپێشچوونی گەورەی بۆ فەراهەم دەکات.

لەکۆتایی ئەو راپۆرتەدا، گوتەیەکی پڕ مەغزا و مەدلولاتی عەبدوڵڵا گول بەبیر خوێنەران دەهێنینەوە، ئەوکاتەی سەرکۆماری ئەرمینیا هاتە ئەنقەرە، گول گوتی: «ئێمە مێژوو نانووسین، بەڵکو ئێمە مێژوو دروستدەکەن». هەردوو نەتەوەی کورد و ئەرمەن دووچاری غوبنی هاوبەش هاتوون لەسەر دەستی ناسیۆنالیزمی نەتەوەی سەردەست و ساڵانێکی زۆر نەهامەتیان کێشاوە، کاتی ئەوە هاتووە ئازارەکانیان کۆتایی بێت. بۆیە پێویستە هەوڵبدرێ ئەو دەرگایەی ئێستا کراوەتەوە، دانەخرێت.

**هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد لەتورکیا کاریگەری گەورەی دەبێت بۆ سەر هەرێمی کوردستان و پێگەی کورد لەعێراقدا لەڕووی سیاسیی و دیپلۆماسی و ئابوورییەوە بەهێز دەکات و بواری بەرەوپێشچوونی گەورەی بۆ فەراهەم دەکات**

# بەردی بناخەی هاوپەیمانێتی لەنێوان هەولێرو ئەنقەرە



**سامی شۆرش**
**تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ**

دایەلۆگ و پەیوەندی سیاسی و دیپلۆماسی لە نێوان هەولێرو ئەنقەرە، بەشێکی گرنگ و بایەخدار پێك دەهێنێت لە پرۆسە دیموکراسیە گەورەو بنەڕەتیەکەی بە دیموکراسە کردنی ناوچەی ڕۆژهەڵات ناوەڕاست. بگرە، ڕووداوێکی بێ وێنەیش پێك دەهێنێت لە مێژووی پەیوەندیەکانی کوردو تورك بە دیژایی سەدەیەکی پڕ مەینەتی.

هەر لەم چوارچێوەیەدا، یەك لە سەرکەوتنە دیبلۆماسیە گەورەکانی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییەدا، قەناعەت پێکردنی حکومەتی تورکیا بووە بەوەی کە وەزیری دەرەوەی خۆی، ئەحمەد داودئۆغلو، بە زیارەتێکی فەرمی، شان بە شانی شاندێکی فراوان، بنێریتە کوردستان بۆ گفتوگۆی سیاسی لەگەڵ سەرکردایەتی سیاسی کوردستان و توندوتۆڵکردنی پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی نێوان هەر دوو لا.

مەعلوومە، پەیوەندیەکانی ئەنقەرەو هەولێر، لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا، یان وردتر هەر لە دوای ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عیراقەوە ساڵی ٢٠٠٣، بە قۆناغێکی زیدە گرژو ئاڵۆز تێپەڕی کرد. هاتنی داودئۆغلو بۆ هەولێری پایتەخت، تا ڕادەیەکی زۆر، کۆتایی بەو قۆناخە گرژە هێناو ئاسۆیەکی بەر فراوان و گەشی لەبەردەم پەرەسەندن و ڕووناکتر بوونی ئاسۆکانی ئەو پەیوەندیە کردەوە.

ئەگەر بمانەوێت، بە گشتی، لە لایەنە بایەخدارەکانی ئەو سەردانە بدوێین، ئەوا دەتوانین بایەخی سەردانەکەی داودئۆغلو بۆ پایتەختی کوردستان لە چەند خاڵێك دا بەرجەستە بکەین:

یەکەم، سەردانەکە، کە یەکەم سەردانی فەرمی و ئاشکرای گەورە بەرپرسێکی سیاسیی دەوڵەتی تورکیایە بۆ کوردستان، بەربەستێکی نەفسی و سایکۆلۆژیی گەورەو مێژوویی لە نێوان تورك و کورد شکاند. ئیتر لەمەو دوا زۆر ئاسانتر لە جاران لە یەك گەیشتن و دایەلۆگی ڕاستەوخۆ. هاوکاری لە نێوان هەردوو میللەت و هەر دوو حکومەتدا بەڕێوە دەچێت، ئەوەی دەرفەتی دایەلۆگ و لە یەك گەیشتنی کوردو تورك زیاد دەکات ئەوەیە کە لە ناو تورکیا خۆیدا بزووتنەوەیەکی دیموکراسی و چاکسازی و نوێبوونەوە لە ئارا دایە. کورد، بە شێوەیەکی گشتی سوودمەندێکی گەڵێك گەورەیە لەو کرانەوەو نوێبوونەوەیە لە تورکیا.

دووەم، سەردانەکە بە هۆی چوارچێوە فەرمی و دیپلۆماسیەکەی، بە دان پێدانانێکی ئاشکرای ئەنقەرە دەژمێردرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان. دیارە، حکومەتی تورکیا، جاران، بە شێوەیەکی بەردەوام خۆی لەو جۆرە سەردانانە دەپاراست. تاکە مەبەستیشی لەو مەسەلەیە ئەوە بوو سەردان و پەیوەندیەکان لە نێوان هەولێرو ئەنقەرە بەوە نەشکێنەوە بە مانای دان پێدانانی دیپلۆماسی و سیاسی لە قەڵەم بدرێت.

سێیەم، سەردانەکە دەرگایەکی گەورە لەبەردەم تاوسەندنی پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی تورکیاو کوردستان دەکاتەوە. شایەنی باسە، شان بە شانی داودئۆغلو، وەزیری دەوڵەت بۆ کاروباری بازرگانیی دەرەوەی تورکیاش سەردانی کوردستانی کرد، سەرەڕای ٦٠ بزنسمانی تورکی کە نوێنەری کۆمپانیا گەورەکانی ئەو وڵاتەیە.

ڕاستە، تا ئێستا پەیوەندیەکی بازرگانی گەرم لە نێوان بازارەکانی تورکیا و کوردستان لە ئارادا بووەو پتر لە چوار سەد کۆمپانیای تورکی کاریان لە کوردستان کردوە. بەڵام بە هۆی ئەم سەردانەوە ڕەنگە پەیوەندیەکان تاوێکی گەورەترو کاریگەرتر بە خۆیانەوە ببینین بە تایبەتی ئەنقەرە هیواخوازە ئاستی ئاڵوگۆڕە ئابووری و بازرگانیەکانی لەگەڵ عیراق بگەیەنێتە ئاستی بیست ملیار دۆلار. لە ئێستە بەدواوە، ڕەنگە پشکێکی گرنگی ئەو مەسەلەیە بەر کوردستان بکەوێت بە تایبەتی لە بواری نەوت و غازدا. وەك هەموو لایەك دەزانین، کوردستان خەریکی دامەزراندنی پیشەسازیەکی گەورەی نەوت و غازی سروشتیە. ئەمەش وەك مەعلومە، پێویستیی بە هاوکاری و هاوسێتیەکی گەرم و گوڕ هەیە لەگەڵ ئەنقەرە.

چوارەم، لە ڕێگەی گەشە کردنی پەیوەندیەکانی نێوان ئێرەو ئەوێ، ئیتر هەولێر زۆر دەست گەرمتر لە جاران دەتوانێت هانی حکومەتی تورکیا بدات بۆ کرانەوەی زیادتر بە ڕووی کوردی کوردستانی باکوور. دیارە سەرۆك وەزیرانی تورکیا لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا، بگرە تا ئێستاش، سەرقاڵە بە دەستپێشکەریەکی بەرچاو بۆ

کرانەوە بە سەر مافەکانی کورد. لەم بوارەدا، ئۆردوگان یارمەتیی هەموو لایەنە دیموکراتخوازەکانی دەوێت بە تایبەتی لە کوردستانی عیراق. رەنگە لەم سەردانەی داودئۆغلودا ئەمەی بۆ مسۆگەر بکرێت.

پێنجەم، بە ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی نێوان هەولێرو ئەنقەرە، پەیوەندیە ئابووری و بازرگانیەکانی نێوان تورکیاو عیراقیش زۆرتر گەشە دەسێنێت. ئەمەش وەك دەزانین، قازانجێکی گەورەی کوردستانی عیراقی تێدایە چونکە کوردستان لە رووی جوگرافیەوە تاکە پردی زەمینیە لە نێوان تورکیا و عیراق و هەموو دەوڵەتانی کەنداو.

رەنگە چاودێرانێك هەبن پێیانوابێت، لە ئەنجامی سەردانەکەی داودئۆغلو، ئیتر کوردستان ناچار دەبێت رۆڵێکی گەورە لە بواری چەك پێ داماڵینی (پێ کە کە) بگێرێت بە تایبەتی دوای ئاسایی بوونەوەی پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەنقەرە. ئەم بۆچوونە، تا رادەیەکی زۆر، هەڵەو کەموکورتی تێدایە. بە بۆچوونی چاودێران، چەك داماڵینی (پێ کە کە) کارو ئەرکی کوردی عیراق نیە، بەڵکو کاری ئەنقەرە خۆیەتی. ئەو کارەیەش تەنیا بەوە جێ بە جێ دەکرێت کە ئەنقەرە هەنگاوی گەورەتر لە بواری کرانەوەکەی بەسەر کوردی ناوەخۆیدا بهاوێژێت، ئەوسا (پێ کە کە) رەنگە بێ فشارو هەوڵی قەناعەت پێ کردن ئامادە بێت چەکی خۆی داماڵێت. لەم نێوانەدا، کوردی عیراق دەتوانێت قەناعەت بە برا کوردەکانی خۆی بکات لە تورکیا کە بە روحێکی ئیجابی لەگەڵ دەستپێشکەریە سیاسیەکانی ئەنقەرە مامەلە بکەن. ئەمما چەك پێ داماڵین یان پێدانان، یان قەناعەت پێکردنی (پێ کە کە) بە چەك دانان، ئەوا بە تەواوەتی کاری ئەنقەرە خۆیەتی نەك هی کوردی عێراق.

بە هەر حاڵ، یەك لە کۆڵەکەکانی ئەو دەست پێشکەریەی ئۆردوگان لە وڵاتەکەیدا خەریکیەتی ئەوەیە کە کێشەی (پێ کە کە) لە ناو تورکیا بە شێوەیەکی ئاشتی چارەسەر بکرێت. ئەمە خۆی لە خۆی دا دەرگا کردنەوەیەکی گەورەیە لەبەردەم چارەسەر کردنی کێشەکە بە شێوەیەکی ئاسانتر لە جاران. بگرە ئەوەش لە کۆڵ کوردو تورك دەکاتەوە کە بیر لە هیچ جۆرە چارەسەرێکی توندوتیژانە بکەنەوە. راستە، تورکیا بەردەوام دەبێت لە تۆمەتبار کردنی (پێ کە کە) بە تیرۆر، بەڵام لەو بەرامبەرەدا دەرفەتی بەکارهێنانی چەکیش لە چارەسەر کردنی ئەو کێشەیە زۆر کەم دەبێتەوە.

بە گشتی رەنگە بتوانین بڵێین داودئۆغلو لەو سەردانەیدا باسی لە (پێ کە کە) کردوە. بەڵام بە گشتی رەنگە باس کردنەکە تەنیا بۆ مەبەستی چارەسەری سیاسی و ئاشتی بێت نەك بۆ هەماهەنگیی سەربازی و خۆشکردنی ئاگری شەڕ.

بێگومان، داودئۆغلو لە ماوەی چەند مانگی رابردوودا، چەندین سەرکەوتنی سیاسیی بەرچاوی وەدەست هێناوە لە بواری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەیدا. خۆش کردنی پەیوەندیەکانی ئەنقەرە لەگەڵ یۆنان و ئەرمینیاو سوریاو ئێران، بەشێکە لەو گۆڕانکاریە ئیجابیانەی لە ناو سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا روویان داوە. ئێستاش ئەو کرانەوەیەی لەگەڵ کوردستان روو دەدا، سەرکەوتنێکی ترە کە نەك تەنیا لە بواری سیاسەتی دەرەوەی تورکیادا کارێکی باشە، بەڵکو لە بواری ناوەوەشدا رەنگدانەوەی گەورەی دەبێت.

ئەنقەرە لە هەوڵی ئەوە دایە خۆی بکاتە یاریکەرێکی سیاسی و دیپلۆماسیی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. ئەم هەوڵە مافێکی ئاسایی خۆیەتی. هەروەها مافی خۆیەتی کار بۆ جی بە جێ کردن و بەرجەستە کردنی خەونەکە بدات. بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت، بۆ سوودی خۆی، ئەوە لەبەر چاو بگرێت کە بە بێ چارەسەر بوونی ئاشتیانەی کێشەی کورد لە ناو تورکیاو ئینجا بە بێ ئاسایی کردنەوەی پەیوەندیەکانی ئەنقەرە لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان، مەحالە ئەو رۆڵە سیاسیە بەرچاوەی لە ناوچەکەدا پێ جێ بە جێ بکرێت. کوردستان لە بواری بڵاوکردنەوەی دیموکراسی و شەڕی دژە تیرۆردا هاوپەیمانێکی گەورەی ئەنقەرەیە ئەگەر ئەنقەرە بە بێ گرێ و گۆڵە رەفتار لەگەڵ کورد بکات و رێز لە مافەکانی بگرێت و دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەرنەدات. هاتنی داودئۆغلو نیشانەی ئەوەیە کە تورکیا ئیتر لەو باوەڕە نزیك کەوتۆتەوەو متمانەی بە هاوپەیمانێتی کورد پەیدا کردوە. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دیپلۆماسی کوردستان.

بە هەر حاڵ، کوردستانی عیراق لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا راستیەکی سیاسیی حاشاهەڵنەگرە. لە ناوچەکەدا، زۆرن ئەوانەی دەیانەوێت دان بەو راستیە نەنێن و چاوی خۆیانی لە ئاست بنوقێنن. بەڵام رۆژ بە رۆژ، لە رێگەی تێڕوانینی ژیرانەی جەنابی سەرۆکی کوردستان رێزدار مەسعود بارزانی، راستیەکە تا دێت زیاتر دەدرەوشێتەوەو زیاتر دانی پێدادەنرێت و زیاتر دەوڵەتان رەفتاری ئاساییانەی لەگەڵ دەکەن و قبوڵی راستیەکە دەکەن. ئەم سەردانەی وەزیری دەرەوەی تورکیا، سەرباری ئەو سیاسەتی کرانەوەیەی لە ناو تورکیادا بەرامبەر بە کورد بەکاردێت، لەو بەڵگانەن کە دەیسەلمێنن کورد زیرەکانە رەفتار لەگەڵ رووداوو گۆڕانکاریەکان دەکات و زیرەکانەش خۆی وەك راستیەکی سیاسی و ئابووری و ئەمنی لە ناوچەکەدا دەچەسپێنێت.

هاتنی داودئۆغلو وەرچەرخانێکی گەورە بوو لە سیاسەتەکانی تورکیا. بگرە رێگەخۆشکەر بوو بۆ هاتنە کایەی هاوپەیمانێتیەکی گرنگ لە ناوچەکەدا لە نێوان ئەنقەرەو هەولێر. ئەم هاوپەیمانێتیە، رەنگدانەوەی راستەوخۆی دەبێت بەسەر پێگەی کورد لە ناو عراق. ئیتر لەبەر رۆشنایی ئەو هاوپەیمانێتیە، بەغدا کەمتر توانای فشار هێنانی دەبێت بۆ سەر کورد. هەروەها مەسەلەی کەرکوك و ناوچە دابڕاوەکانیش دەچێتە قۆناغێکی تازەوە.

**ئەنقەرە لە هەوڵی ئەوە دایە خۆی بکاتە یاریکەرێکی سیاسی و دیپلۆماسیی گەورە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا**

# هەتا کێشە سیاسییەکان بە هەڵواسراوەیی بمێننەوە ڕووناکی تونێلەکە دەرناکەوێت و ئاییندەی عێراقمان لێ دیار نابێت



ئەو پرانسیپانەی حکومەتەکەی د.مالکی کاری لەسەر دەکات و پێی وایە، حکومەتێکی سەنتراڵی بەهێز دەتوانێت جڵەوگیری عێراق بکات و باری ئاشـــتی و سەقامگیری لە عێراقدا بچەسپێنێت، ئەمە لە چارەسەری ئەو ژوورە داخراوانە دەچێت، کە مارك ســـایکس و جۆرج بیکۆ پێش هەڵگیرســـانی شەڕی یەکەمی جیهانی تیای کۆدەبوونەوەو بەراستە و لەسەر نەخشە ئیمراتۆرییەتی عوسمانیان لە نێوان فەرەنســـاو بەریتانیا دابەش دەکرد، ئەوکات پێیان وابوو ڕێککەوتنی سایکس — بیکۆ، چارەسەری هەموو گرفتەکان دەکات و جیهانی عەرەبی و ئیسلامییان لەســـەر ســـینییەکی زێڕ پێشکەش دەکرێت، بەڵام وا نزیکەی ١٠٠ ســـاڵ بەسەر ئەو ڕێککەوتنە شومەدا تێدەپەڕێت، نەفەرەنساو نەبەریتانیا لەو ناوچانە ســـوودمەندبوون، نەهێشتیشیان گەلانی ئەو ناوچانە بەئاسوودەیی و ئارامی بژین، هۆکاری ســـەرنەکەوتنی ڕێککەوتنی ســـایکس بیکۆ، بۆ ئـــەوە دەگەڕێتەوە، ئەو دوو زاتە دەوڵەتانیان وەك دەســـکەوتی شەڕ و کەلوپەلی شـــەڕ سەیر کردووە، بیریان لەوە نەکردبۆوە کە دەوڵەت نیشتمانە و نیشتمانیش گیانـــی هەر تاکێکە کە لەســـەر ئەو خاکە دەژی و ڕێگە نادات دەســـتێکی دەرەکی و داگیرکار حکومڕانی بکات. ئەمە هۆکاری ١٠٠ ماڵکاولـــی و دواکەوتوویـــی هەموو ئەو گەلانەیە کـــە کەوتونە ناو ڕێککەوتنی ســـایکس —بیکۆوە، ئێمەش وەك کوردستان یەکێکن لە توخمە ســـەرەکییەکانی ناو ئەو ڕێککەوتنە شـــومە و هەر ئەم ڕێککەوتنەش بوو، ڕێککەوتنی لۆزانی بەرهەمهێنا.

بەبیـــر هێنانەوەی ئەم مێژووە بۆ ئێســـتای دەوڵەتی عێراق هەم لەسەر ئاستی سیاسیی گرنگە، هەمیش لەسەر ئاستی چەسپاندی ئاشتی و سەقامگیری، لەلایەکی دیکەشەوە دەبێـــت ئامـــاژە بـــەو خاڵە بکەیـــن، کە خوێندنەوەی ئەم مێژووەو ئەو ڕێککەوتنامە شـــومەش، پێویســـتی بە خوێندنەوەیەکی دوولایەنە هەیە:

١- پێویســـتە حکومەتی ئێستای عێراق و شەخصی د.مالکیی بە چاوێکی نیشتمانی عێراقییانە ســـەیری ئەم مێژووە پرکارەسات و خوێناوییـــە بکات، کەلەدوای ســـایکس —بیکۆوە کەماوەی نزیکە ١٠٠ساڵە عێراقی کردووە بە گۆمی خوێن.

٢- لەوانەیە کوردو سەرکردایەتی کوردستانیش لەو راســـتییە تێگەیشتبن، کەهەڵوەشانەوەی عێراق و دابەشـــکردنەوەی بەو شـــێوەیەی خواســـتی هەموو نەتەوەو مەزهەب و ئایینە جیـــاوازەکان بێنێتە دی،کارێکی ئاســـان و قبووڵکراو نەبێت لەســـەر ئاســـتی جیهان، بەڵام خۆدەبێت ئەو راســـتییەش لەبەر چاو بگیرێت کە هێشـــتنەوەی دەوڵەتێك بەزەبری هێزو دامەزراوە ئەمنی و موخابەراتییەکانی حکومەتێکی سەنتراڵی بەهێزیشەوە کارێکە سەدەی بیست و یەکەم و جیهانی سەردەمی جیهانگیری قبوڵی ناکات، بۆ ئەوەی لەنێوان ئەم دوودژە خاڵی هاوبەش بدۆزینەوە، پێویستە هەموو پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانی عێراق دان بە چەند راستییەکدا بنێن:

* ئەوەی پێویســـتە لەم قۆناخـــە کورد و



ئەو پرانسیپانەی حکومەتەکەی د.مالکی کاری لەسەر دەکات و پێی وایە، حکومەتێکی سەنتراڵی بەهێز دەتوانێت جڵەوگیری عێراق بکات لە چارەسەری ئەو ژوورە داخراوانە دەچێت، کە مارک سایکس و جۆرج بیکۆ پێش هەڵگیرسانی شەڕی یەکەمی جیهانی تیای کۆدەبوونەوەو بەراستە و لەسەر نەخشە ئیمراتۆرییەتی عوسمانیان لە نێوان فەرەنساو بەریتانیا دابەش دەکرد

کوردســـتانییەکان وەك راستی دانی پێدابنێن ئەوەیە ئێستا بارودۆخ بۆ هەڵوەشـــانەوەی عێراق و راگەیاندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان لەبار نییە، بۆیە دەبێت لەگەڵ ئـــەو میکانیزمانە خۆیان بگونجێنن، کەلەچوارچێـــوەی دەوڵەتی عێراق لانی کەمی داخوازییەکان و بەپێی دەستووری عێراق لانی کەمی دواکارییەکانیان جێبەجێ دەکات.

* ئەوەی زۆر گرنگە لایەنی عەرەبی شـــیعەیە،عەرەبی شیعە دەبێت وەك عەرەبی شـــیعە نەك حزب و لایەنەسیاســـییەکانی ناو شیعە، ئەو لایەنەی دەکەوێتە ســـەریان لە داننان بە راستی واقیعی عێراقدا دانی پێدابنێن، ئەو دانپێدانانەی ئەوانیش بریتییە لەرەتکردنەوەی هەموو ئەو رەفتارانەی رژێمی بەعس بەرامبەر شـــیعە کردوویەتی، ئەگەر بتوانن تەنها ئەو رەفتارانە ســـەرکۆنە بکەن کەحزبی بەعس بەرامبەر شـــیعە کردوویەتی و رەفتاری هاوشـــێوەی حزبی بەعـــس بەرامبەر نەتەوەو مەزهـــەب و ئایینـــە جیاوازەکانی عێراق پیادە نەکەن، ئەوا کێشـــەی گەورە لەبەردەم پرۆسەی ئاشتەوایی سیاسیی عێراقدا چارەسەر دەبێت، ئەمەش بەم خاڵانە دەستنیشان دەکەین:

- دەبێت عەرەبی شـــیعە لەبەر ئەوەی بـــە فیعلی حکومڕانی عێراق دەکەن، پەیامێکی راشکاوانەیان بەرامبەر بە هەموو ئایندەی عێراق و بونیادنانـــەوەی عێراقی ئایندە هەبێت و نابێت ئەم پەیامەی عەرەبی شـــیعە لە چوارچێوەی لایەنداری بچووکبکرێتەوە، ئەمەش واتە نابێت هەڵوێســـتی ئەنجوومەنی باڵاو بەرامبەر عێـــراق و ئایندەی عێراق جۆرێك بێت و هەڵوێســـتی حزبی دەعوا و فەزیلە و تەیاری ســـەدر و ئیبراهیم جەعفەری جۆرێکی دیکە بێت.

- ئـــەم خاڵە چۆن بۆ خۆیان وەك شـــیعە یەك هەڵوێســـتن، دەبێت بۆ بەرامبەریش یەك هەڵوێســـت بن، مەبەست لە یەك هەڵوێستی شیعەش بۆ خودی خۆیان واتە، چۆن شیعەکان، لەناو مەجلیس بن یان دەعوا یان سەدر، پێ لەسەر ئەوە دادەگرن دەبێت سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق عەرەبی شـــیعە بێت، دەبێت بەرامبەر کوردیش هەڵوێســـتێکی راشکاو ئاشـــکرایان هەبێت بۆ ئەوەی بزانین ئایا هەڵوێستی عەرەبی شـــیعە بەرامبەر بە ســـنوور و مافەکانی هەرێمی کوردستان چییە؟ ئایا عەرەبی شـــیعە دان بە ســـنوری جوگرافی و مێژوویی هەرێمی کوردســـتان لە چوارچیوەی عێراقدا دەنێن، ئـــەم راپۆرتە داوای ئەم هەڵوێســـتە لە ســـەماحەتی ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی دەکات، بەڵام بەشـــێوەی لێدوان نە، بەڵکو لەسەر ئاســـتی فەتوا و دەبێت ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی وەك مەرجەعی باڵای شیعەکان لە عێراقدا، فەتوای ئەوە بدات شـــیعە وەك پێکهاتەیەکی گەورەی عـــەرەب و حکومڕان لەعێراقـــدا چـــۆن مامەڵە لەگـــەڵ هەرێمی کوردســـتان بکەن، ئەم فەتوایەی سەماحەتی ئایەتوڵڵا سیستانی کەئەوە چاوەڕێی لەکەسێکی گەورەی وەك سیســـتانی دەکرێت بەلایەنـــی ئیجابی بۆ نەتەوەیەکی مەزڵوم فەتوا بدات، پێگەی سیســـتانی لەســـەر ئاســـتی مەزهەبی شـــیعە دەگوازێتەوە، بۆ سەر ئاستی مەرجەعی نیشتمانی بۆ هەموو عێراقییەکان و برایەتی کورد و عەرەب(( بەتایبەتی شـــیعەو کورد )) بۆ هەتـــا هەتایە زیندوو دەکاتەوە،ئەم گلەیـــەی ئێمە لەم راپۆرتە لە سەماحەتی سیستانی دەکەین، رای گشتی خەڵکی کوردستانە، بەرێز وەزیری ئەوقافی کابینەی پێنجەمی هەرێمی کوردســـتان لەمانگی رابردوو راشـــکاوانە بە شـــێخ ئەلیەعقوبی راگەیانـــد و داوای لێکرد حەوزەی عیلمی نەجەف پەیامی راشکاوانەی خۆی بەرامبەر کێشەی کورد لەعێـــراق رابگەیەنێت، بێگومان گەورەیـــی پەیامی حەوزەی عیلمـــی نەجەف لەوەدایە کە پەیامێکی سیاســـیی نییە و مەبدەئییە،



هێشتنەوەی دەوڵەتێک بەزەبری هێزو دامەزراوە ئەمنی و موخابەراتییەکانی حکومەتێکی سەنترالی بەهێزیشەوە کارێکە سەدەی بیست و یەکەم و جیهانی سەردەمی جیهانگیری قبوڵی ناکات

هەر بۆیە ئەگەر سەماحەتی سیستانی و حەوزەی عیلمی نەجەف ئەم هەنگاوە بەرامبەر کورد هەڵبگرن، ئەو کاتە ئێمەش لە رەفتاری لایەنێکی سیاسیی شیعەوە هەڵوێست بەرامبەر هەموو شیعەکانی برامان وەرناگرین و لەبری ئەوەی پەنا بۆ هاوپەیمانی سیاسیی و تەکەتولاتی ناو پەرلەمان بەرین، لەلای سماحەتی سیستانی و حەوزەی نەجەف شکات لەو لایەنە سیاسییە شیعەیە دەکەین، کە پێچەوانەی فەتواکەی سیستانی و حەوزەی نەجەف مامەڵە لەگەڵ کێشەی کورد دەکات. دیسان دووبارەی دەکەینەوە سەماحەتی سیستانی و حەوزەی نەجەف شایستەی ئەوەن ئەو چاوەڕوانییەیان لێ بکەین، بۆ ئەوەی پەیوەندی دێرینەی برایانەی نێوان کورد و شیعە بە هەڵوێستێکی سیاسیی لایەنێکی نابەرپرسیاری شیعە بۆشایی تێنەکەوێت.

- هەڵوێستی یەکگرتووی شیعە وەك پێکهاتەیەك بەرامبەر بەعەرەبی سوونەی عێراقیش، هەنگاوێکی دیکەیە بۆ سەرخستنی پرۆسەی ئاشتەوایی سیاسیی لە عێراقدا، ئەگەر عەرەبی شیعە هەڵوێستە مەبدەئییەکانی خۆی بەرامبەر (( کورد و سوونە )) بە ئاشکرا و لەسەر زاری سیستانییەوە رابگەیەنێت و لایەنە سیاسییەکانی شیعە پێوەی پابەند بن، عەرەبی سونە ناتوانێت هیچ بکات و ناچار دەبێت ئەویش دان بەو راستیانەدا بنێت کە عەرەبی سونە دەگرێتەوە.

- دەبێت عەرەبی سوونەش دان بە واقیعی ئێستای عێراق بنێت، وەك ئەو دانپێدانانەی کە ماندێلا داوای لە کەمینەی سپی پێستەکانی باشوری ئەفریقا کرد و دوای دانپێدانیان بەوەی سیاسەتی ئاپارتایدیان بەرامبەر رەش پێستەکانی باشوری ئەفریقیا، رێککەوتنی ئاشتەواییان مۆرکرد، کۆتایی بەو دوژمنایەتییە هات کە دەیان ساڵ بوو لە نێوان سپی پێست و رەش پێستی باشوری ئەفریقیادا هەبوو.

* بمانەوێت یان نەمانەوێت، ئێستا ئەمەریکا لەعێراقدا لایەنێکی سەرەکی کێشەکەیە و تێروانینی ئەویش بۆ ئایندەی عێراق هێندەی هەر ٣ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق ( کورد، سوونە، شیعە ) گرنگە، بۆیە دەبێت هەڵوێستێکی هاوبەشی سێ قۆڵی عێراقیانەی کورد و سوونە و شیعە پێکەوە بەرامبەر بە ئەمەریکاش هەبێت، ئیدی نابێت ئەمەریکا نەخشەی سیاسیی عێراق بەپێی بەرژەوەندییەکانی خۆی دەستکاری بکات، هەر بۆنموونە:

- نابێت ٣ پێکهاتە سەرەکییەکەی عێراق ئەوە لەئەمەریکا قبوڵ بکەن، کەلەسەر حسابی ناسنامەی ئیتنی و مەزهەبی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق، درز و کەلێن لەنێو پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دروست بکات و لەژێر ناوی ناسنامەی نیشتمانی عێراقدا هاوڵاتیانی عێراق فریو بدات، لەبەر ئەوەی لەعێراقدا ناسنامەی نیشتمانی عێراقی بێجگە لە درۆیەك کەبۆ بازاڕ گەرمی سیاسەت بازرگانی پێوە دەکرێت هیچ بوونێکی دیکەی نییە، سندوقی دەنگدانەکانی ٢٠٠٤-٢٠٠٩ پیشاندەری ئەم راستیەن و هەڵبژاردنی ئەم جارەش ئەو راستییە جارێکی دیکە ئەو راستییە دوپات دەکاتەوە، کورد پێش ئەوەی عێراقی بێت خۆی بەکورد دەزانێت، سونە خۆی بەسونە دەزانێت، شیعە خۆی بە شیعە دەزانێت، لەبەر چاوگرتنی ئەم راستییەو ئیعترافی ئەمەریکا بەم واقیعە لەکرۆکی چارەسەرکردنی کێشەکە نزیکمان دەکاتەوە، ئەمەش واتە دەبێت کورد پێش ئەوەی مافی هاوڵاتیبوونی لە عێراقدا بۆ دیاری بکرێت، دەبێت وەك کورد لە عێراقدا مافەکانی بسەلمێنرێت و هەست بکات هاوڵاتییەکی کوردە و لەوڵاتەکەی خۆی رێزی لێدەگیرێت، ئەوکاتە دواشی لێبکرێت خۆی بە هاوڵاتی عێراق بزانێت کارێکی ئاساییە، شیعەش کە ئێستا خۆیان حکومڕان بەهەمان شێوەیە، بۆیە بازاڕ گەرمی بۆ ئەو درۆشخادارەی پێی دەڵێن هەستکردن بە ناسنامەی نیشتمانی عێراق، لەم قۆناخە بێجگە لە کارەسات و ماڵوێرانی هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت.

- خاڵێکی دیکە کە پێویستە،وەك هەڵوێستی هاوبەشی عێراقییەکان هەر ٣ لایەن راشکاوانە بە ئەمەریکییەکانی بڵێن، ئەوەیە کە راشکاوانە بە ئەمەریکا بڵێن، شەڕی سارد کۆتایی هاتووە ناکرێت بە پێوانەی سەردەمانی شەڕی سارد لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مامەڵە بکرێت، دەبێت بە ئەمەریکا بگوترێت ململانێی تۆ لەگەڵ ئێران لە پێناوی ئازادی و دیموکراتی نییە و هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی ئێران تیرۆرستی هاوشێوەی هەر دوو حکومەتی میسر و سعودییە بەرهەمنەهێناوە، هەموو ئەوانەی تەلاری بازرگانی جیهانییان تەقاندووە خەڵکی سعودییە و میسر بوون، کە هەر دوو دەوڵەتەکە دوو دۆستە نزیکەکەی ئەمەریکان لە ناوچەکە، هەروەها هیچ وڵاتێك هێندەی یەمەنەکەی عەلی عەبدوڵلا سالح کارگەی دروستکردن و بەرهەمهێنانی تیرۆریست و چەتەی دەریایی نییە، بۆیە ناکرێت ململانێ سیاسەکان لەسەر حسابی بەرژەوەندی گەلانی دیکەی ناوچەکە چارەسەر بکرێت، هەربۆیە ناشکرێت لەسەر حسابی عێراق و بۆ رازیکردنی دڵی سعودییە فیدرالیەتی عێراق و چارەنووسی کەرکوك پشت گوێ بخرێت.

## هەتا کێشەکان بە شێوەی سیاسییانە چارەسەر نەکرێن ئاشتی و سەقامگیری ناچەسپێنرێت

ئەو پێشەکییەی لەپێشەوە ئاماژەمان پێکرد بۆ باری ئێستای عێراق، هەنگاوی کردەیین بۆ بونیادی عێراقێکی تازە، هەتا ئەو زەمینەیەش دروست نەبێت زۆر زەحمەتە بتوانرێت کێشە سیاسییەکانی عێراق چارەسەر بکرێت و هەتا کێشەکانیش بە شێوەیەکی سیاسییانە چارەسەر نەکرێن زۆر زەحمەتە بتوانرێت سەقامگیری لە عێراقدا بێتە دی.

تەقینەوەکانی هەفتەی رابردوو کە زۆر لەتەقینەوەکانی چوارشەمەی خوێناوی زیاتر قوربانی لێکەوتەوە نیشانەی ئەوەیە،هێشتا دوژمنانی عێراق بە دوای ئەو درز و کەلێنانەدا دەگەڕێن کە لەپرۆسەی سیاسیی عێراقدا هەیە.

## یاریکردن بە چارەنووسی کەرکوک ئایندەیەکی باشی نابێت

ئەوانەی کە خۆیان لە هەستیاری کێشەی کەرکوك لای کوردستانییەکان بێ ئاگا دەکەن، یان دەیانەوێت خۆیان یاری بەو هەستیارییە بکەن، ئەوانە پێیان خۆش بێت یان نە بە دۆستی عێراقی نوێ حساب ناکرێن، لەبەر ئەوەی خۆ تاقیکردنەوە لەگەڵ ئەم کێشە هەستیارەو یاریکردن بە چارەنووسی گەلێك ئەگەر خوانەخواستە ئاگری لێبکەوێتەوە، پریشکەکانی هەموو عێراق دەگرێتەوە، کە هەتا سەر ئەوەش وەك سەرۆك مسعود بارزانی بە هەموو جیهانی راگەیاند ((چی دەبێت با ببێت)).

**فەرەنساو بەریتانیا دەوڵەتانیان وەک دەسکەوتی شەڕ و کەلوپەلی شەڕ سەیر کردووە، بیریان لەوە نەکردبۆوە کە دەوڵەت نیشتمانە و نیشتمانیش گیانی هەر تاکێکە کە لەسەر ئەو خاکە دەژی و رێگە نادات دەستێکی دەرەکی و داگیرکار حکومڕانی بکات**

**دەبێت عەرەبی سونەش دان بە واقیعی ئێستای عێراق بنێت، وەک ئەو دانپێدانانەی کە ماندێلا داوای لە کەمینەی سپی پێستەکانی باشوری ئەفریقا کرد و دوای دانپێدانیان بەوەی سیاسەتی ئاپارتایدیان بەرامبەر رەش پێستەکانی باشوری ئەفریقیا، رێککەوتنی ئاشتەواییان مۆرکرد**

■ ■ ■

پرۆفیسۆر مایکل گەنتەر ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی پەنسلڤانیا و وانەبێژە لەزانکۆی نەمسا، پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشەی کورد و تورکیا، هەروەها عێراقیش پرۆفیسۆر گەنتەر ناوێکی ناسراوە لەنێو میدیاکانی کوردستاندا، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق و کێشەکانی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان و ئەگەری دواکەوتنی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

■ ■ ■

## مایکل گەنتەر بۆ گوڵان:

# پێشبینی ناکەم هەڵبژاردنەکان لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجامبدرێت و پێموایە دوا دەخرێت

◆ ◆ ◆

*** چۆن رەوشی ئەمنی عێراق دەبینیت بە تایبەتی لەدوای رووداوی تەقینەوەکانی هەفتەی رابردووی بەغدا؟**

- لەڕاستیدا ئەم تەقینەوانە جێی داخ و پەژارەن، بەڵام ئەمە چەند ساڵێکە ئەم تەقینەوانە لەبەغدا روودەدات، من لەو باوەڕەدانیم گۆڕانێکی گەورەی لێبکەوێتەوە مەسەلەکەش ئەوەیە دەبێت حکومەتی عێراقی هەوڵ و کۆششی زیاتر بکات بۆ کۆنترۆڵکردنی بارودۆخەکە. ئێمە دەبێت ئەو راستییە رەچاو بکەین،کە ئەم تەقینەوانە بۆ ماوەیەکی زۆرە لەعێراقدا روودەدەن و رەنگە ئەمە شتێکی زۆر نائاسایی نەبێت، لەبەر ئەوە پێم وانییە گۆڕانێکی زۆر لە تێروانینی حکومەتی عێراقدا دروست بکات.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکاندا رەوتی توندوتیژی هەڵدەکشێت و رەوشەکە بەرەو هەرەس دەچێت، ئایا لەبارودۆخێکی لەم چەشنەدا چ شتێك لە عێراق چاوەڕوان دەکرێت؟**

- پێشبینی ناکەم هەڵبژاردنەکان لەوادەی دیاریکراوی خۆیدا ئەنجام بدرێت و پێم وایە دوا دەخرێت، لەبەر ئەوە تەقینەوەکان کاریگەرییان نابێت لەسەر هەڵبژاردنێك کە ئەنجام نادرێت لەکاتی خۆیدا.

*** لەتەقینەوەکانی ئەم دواییەدا زۆربەی بەرپرسە عێراقییەکان سوریا تۆمەتبار دەکەن بەوەی رێگە بە دزەکردنی تیرۆریستان دەدات بۆناو خاکی عێراق، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا عێراق کاروبارە ناوخۆییەکانی بە شێوەیەك بەڕێوەدەبات کە دەرفەت بە دەستێوەردانی دەرەکی دەدات؟**

- لەڕاستیدا رۆڵی سوریا بۆ من روون نییە، واتە من ناتوانم دەستنیشانی ئەوە بکەم چی لەسوریادا روودەدات و ئەو وڵاتە چ رۆڵێکی هەیە، بەڵام من باوەڕم وایە ئەوە کێشەی ئەمنی

ئەم تەقینەوانە بۆ ماوەیەکی زۆرە لەعێراقدا روودەدەن و رەنگە ئەمە شتێکی زۆر نائاسایی نەبێت، لەبەر ئەوە پێموانییە گۆڕانێکی زۆر لە تێروانینی حکومەتی عێراقدا دروست بکات



◆ ◆ ◆

کێشەی عێراق و ئۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی سوریا و بە دوای کەبشی فیدادا دەگەڕێت.

*** ئیدارەی ئێستای ئەمەریکا ئەوەی لە عێراقدا مەبەستێتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنە لەکاتی خۆیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نڕینگە سیاسییەکەو نەباری سەقامگیری رێگە بە سازدانی هەڵبژاردن نادەن لەکاتی خۆیدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە دوابکەوێت چ کاردانەوە و ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- ئەوە راستە ئەمەریکا خوازیارە لەعێراق و هەروەها لەئەفغانستانیش بکشێتەوە، من پێم وایە حکومەتی عێراق ئەوەندە بەهێز نییە بتوانێت پشت بەخۆی ببەستێت. هەروەها ئەمەریکا

هەمیشە فشار دەخاتەسەر عێراقییەکان بۆ ئەوەی پابەندبن بەچەند وادەیەکی دیاریکراوەوە، بەڵام ئەوە سروشتی عێراقییەکان نییە بتوانن کارەکان لەکاتی خۆیاندا ئەنجام بدەن و پێشبینی کردنیش بە پێچەوانەوە پێشبینی کردنێکی ناواقیعی دەبێت. ئەوەی پەیوەست بێت بە هەڵبژاردنەوە ئەوا کێشەی سەرەکی ئێستای عێراق یاسای هەڵبژاردنە ئایا دەبێت بە لیستی کراوە بکرێت یان داخراو، من پێم وایە عێراقییەکان پێویستیان بە گفتوگۆی زیاتر هەیە لەم رووەوە و رەنگە ئەمە چەند مانگێك بخایەنێت و هەڵبژاردنەکەش بکەوێتە بەهارەوە.

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، پێشبینی دەکرێت کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە تاج رادەیەك دەبێتەهۆی درێژەکێشانی بارودۆخە ئاڵۆزەکە؟**

- کێشەکان زۆرن، بەڵام من پێم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێگەیەکی بەهێزدایەو ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنیش لەعێراقدا کێشەیەك نییە بۆهەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئێوە هەڵبژاردنی خۆتان ئەنجامداوەو حکومەتی نوێتان هەیە و دووبارە مەسعود بارزانیتان بەسەرۆکی هەرێم هەڵبژاردەوە، لەبەر ئەوە سازنەدانی هەڵبژاردن کێشەیەکە بۆ عەرەبەکانی عێراق. ئەوەی پەیوەندی بە سەرهەڵدانی گرژی و ئاڵۆزییەوە هەبێت لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی مالیکیدا، ئەوا لەهاوینی ساڵی ٢٠٠٨دا روودانی شەڕی ناوخۆی لەنێوان ئەم دوو حکومەتەدا نزیکبوو، بەڵام لەئێستادا هیچ مەترسییەك بەدی ناکرێت لەم رووەوە، لەبەر ئەوەی لەلایەك سەرکردە کوردەکان سەرکردەگەلێکی ژیرن کە

خۆیان لەم ئەگەرە لادەدەن و مالیکیش ئەوەندە کێشەی هەیە کەخوازیاربێت خۆی دووچاری کێشەی دیکە نەکات، لەبەر ئەوە من پێم وانییە لەئێستادا ئەمە ئەگەرێك بێت.

*** هەمیشە کەباس لەرۆڵی ئەمەریکا دەکرێت لەعێراقدا وەڵامەکە ئەوەیە ئەم مەسەلەیە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان دەگەڕێتەوە، بەڵام ئەوە چەند ساڵە عێراقییەکان نەیانتوانیوە ئەم کێشانە چارەسەربکەن، ئایا پێت وانییە دەبێت ئەمەریکا ڕۆڵی کاراتر ببینێت لە عێراقدا؟**

- پێم وایە ئەمەریکا بەشێکە لەکێشەکە، واتە ڕەنگە زۆرجار کێشە دروست بکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا دەتوانێت یارمەتیدەربێت و ئێستاش بەهۆی پێشنیاری دروستکردنی هێزی هاوبەش لە نێوان کورد و عەرەب و هێزەکانی ئەمەریکا لەو ناوچانەی دەکەونە هێڵی سنوری نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا، هاوکاری عێراقییەکان دەکات، بەڵام لەکۆتاییدا چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان و لەڕاستیدا تاوەکو ئەمەریکا زیاتر لەعێراقدا بمێنێتەوە ئەوا عێراقییەکان کێشەیان زیاتر دەبێت و ئەگەر عێراقییەکان بزانن ئەمەریکا عێراق جێدەهێڵێت ئەوا کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەکەن.

*** پێت وانییە ئەمەریکا پێش کشانەوەی لە عێراقدا کارێك بکان بۆ کەمکردنەوەی دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا؟**

- ئەمەریکا دەتوانێت ڕۆڵ ببینێت لەپاراستن و کۆنترۆڵکردنی سنوری نێوان عێراق و سوریادا.

*** مەترسی ئەم تەقینەوانە ئەوەیە کە خەڵکی عێراق خۆیان تێوەگلاون نەك تەنها ئەل قاعیدە، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك لە بەرژەوەندی ئەل قاعیدەدایە بۆ ئەوەی دووبارە سەرهەڵبداتەوە؟**

- پێم وایە لەبنەڕەتدا خەڵکی ناوخۆی عێراق خۆیان لەم مەسەلەیەوە تێوەگلاون، ڕاستە هەندێ دەستێوەردانی دەرەکی هەیە، بەڵام بە باوەڕم من هەندێ لەخەڵکی ناڕازی لە عێراقدا هۆکاری سەرەکی ئەم ڕوداوانەن و ئەل قاعیدە کێشەکە نییە.

*** ڕاسپاردەت چییە لەم ڕووەوە بۆ کوردەکان؟**

- من پێم وایە دەبێت کوردەکان بەرگرییەکی بەهێز لە دەستور بکەن و هەمیشە سەرۆکی هەرێمی کوردستان مەسعود بارزانی لەکاتی دروستبوونی کێشەدا ئاماژە بەوە دەکات کە کێشەکان بە پێی دەستور چارەسەردەکەن، ئەمە کارێکی ژیرانەیە و لەبەرژەوەندی کوردەکاندایە و دەبێت ئەو دەستورە بپارێزن کە لە ساڵی ٢٠٠٥دا نوسرایەوەو ئەمە دەستورێکی بەهێزە بۆ کوردەکان و ڕێگە مەدەن لێتان زەوت بکەن و بارزانیش لەو ڕاستییە تێدەگات.

*** چۆن تەفسیری هەوڵەکانی مالیکی دەکەیت بۆ دواخستنی چارەسەرکردنی کێشەکان بە پێی دەستور؟**

- حەز بە دەستور ناکات، لەبەر ئەوەی مافێکی زۆر بە کوردەکان دەدات و ئەو خوازیاری دەسەڵاتێکی مەرکەزی بەهێز و بچوکردنەوەی کوردەکانە. من پێم وانییە مالیکی کەسێکی شەڕانگێزی چەشنی سەددام حوسێن بێت، بەڵام ئەویش ناسیۆنالیستێکی عەرەبە کە دەیەوێت کوردەکان دەست لە زۆرێك لە دەسەڵاتەکانیان هەڵبگرن، بەڵام ئێوەش ئەو ڕاستییە دەزانن کە تاقە زەمانەتێك بۆ مانەوەی ئێوە ئەوەیە مافگەلێکی زۆرتان هەبێت و بە ڕەچاوکردنی مێژوی دەسەڵاتی بەغدا لەگەڵ ئێوەدا ئەوا نابێت متمانە بەو دەسەڵاتە بکرێت لەبەغدا کە عەرەبەکان باڵادەستن بەسەریدا.

*** دوا وتەت چییە؟**

- دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان کار بۆ ئەوە بکات کەتێوەگلانی گالبرێس مەسەلەیەك نییە و ئەوەی لەدەستوردا هاتووە لەبەرژەوەندی کورددایە شتێکی شەرعییەو ئەمەش هیچ پەیوەندییەکی نییە بەکێشە داراییەکانی پیتەر گالبرێسەوە، ڕێگە مەدەن عەرەبەکان کار بۆ دووبارە دارشتنەوەی دەستور بکەن، تەنها لەبەر ئەوەی ڕەنگە گالبرێس گەندەڵکار بێت و ئەوەی لە دەستوریشدا چەسپاندویەتی گەندەڵە. تێڕوانینی شەخسی من ئەوەیە هەموو کەسێك مافی خۆیەتی پارە پەیدا بکات و باگریمانەی ئەوە نەکەین گالبرێس کەسێکی گەندەڵە، من لەو باوەڕدانیم گالبرێس کەسێکی گەندەڵ بێت، لەبەر ئەوە نابێت گریمانەی ئەوەش بکەین هەموو کارێك کە کردویەتی لەدەستوردا هەڵەیە و نابێت تەسلیم بن و ئەوەی من دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە دەبێت کوردەکان بوێر و بەهێز بن و بەرگری لە مافی خۆیان بکەن داکۆکی لەو بڕگانەی دەستور بکەن کە لە بەرژەوەندی ئێوەدایە، بە چاوپۆشین لەوەی گالبرێس کردوویەتی. عەرەبەکان هەوڵی ئەوە دەدەن بڵێن مافەکانی کورد لە دەستوردا ناشەرعین بەهۆی ئەو کردەوانەی گالبرێس ئەنجامی داون و نابێت ئێوە ئەوە قبوڵ بکەن.

**کێشەی ئەمنی کێشەی عێراقە و ئۆباڵەکە دەخاتە ئەستۆی سوریا و بە دوای کەبشی فیدادا دەگەڕێت**

**حکومەتی هەرێمی کوردستان لەپێگەیەکی بەهێزدایەو ئەنجامنەدانی هەڵبژاردنیش لەعێراقدا کێشەیەک نییە بۆهەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی ئێوە هەڵبژاردنی خۆتان ئەنجامداوەو حکومەتی نوێتان هەیە و دووبارە مەسعود بارزانیتان بەسەرۆکی هەرێم هەڵبژاردەوە**



پرۆفیسۆر جۆزیف سیرمانی بەڕێوەبەری بەشی ستراتیژی ئاسایشی نیشتمانییە لەزانکۆی تەکساس و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر سیاسەتی ئاسیشی نیشتمانی ئەمەریکاو کارە سەربازییەکانی ئەمەریکا لە دەرەوەی سنووری ئەمەریکا، بێگومان عێراق توخمی گەوهەری سیاسەتی ئاسایشی نیشتیمانی ئەمەریکایە لە دەرەوەی سنوور، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم توخمە گرنگەی سیاسەتی نیشتمانی ئەمەریکا، پرۆفیسۆر سێرمانی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن:

### جۆزیف سێرمانی بۆ(گوڵان):

# دەبێت ئەمەریکا کار بۆ ئەوە بکات هەڵبژاردنێکی شەرعی لە عێراقدا بکرێت و، حکومەتێک بێت کار بۆ بەرژەوەندی تێکڕایی هاوڵاتیان بکات، نەک تەنها گرووپێکی دیاریکراو

**هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا هۆشیارنین بە مەسەلە سیاسییەکان و لە سروشت و هەستیاری کولتووری کۆمەڵگەی عێراقی تێناگەن**

*** تەقینەوە خوێناوییەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕابردوو گەورەتربوون بەبەراورد بە تەقینەوەکانی پێشوو، ئایا ئەمە تاچ ڕادەیەك دەیسەلمێنێت کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنی ئەرکێکی ئاسان نییەو دەبێت دانی پیدابنێین؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت ئەوە ڕاستییەمان لەبەرچاوبێت کە ئەمە پێویستی بە پابەندبوونێکی درێژخایەن هەیە نەك تەنها لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە، بەڵکو لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکاشەوەوە نابێت چەند کردەوەیەکی تیرۆریستی وامان لێبکەن دەست لەو پابەندبوونە هەڵبگرین و دەبێت کار بۆ قەناعەتپێهێنانی عێراقییەکان بکەین، دەبێت جیاوازییەکانیان بەرێگەیەکی ئاشتی یەکلابکەنەوەو بەشداری لەپرۆسە سیاسییەکەدا بکەن. هەموو کەسێك ئومێدەوارە ڕەوشی ئاسایش لە عێراقدا ئاسایی بێتەوە بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ هێزەکانی عێراقدا کار بۆ ڕێگرتن لە ڕوودانی کاری تیرۆریستی و خۆکوژی بگرین. لە ڕاستیدا متمانەیەك هەبوو بەبەرەوپێشچوونی باری ئەمنی، بەڵام تیرۆریستان سوودیان لەو دەرفەتانە وەرگرت کە لەئارادابوون بۆ تێکدانی ڕەوشەکە و ئێستاش ئیدارەی ئەمەریکا گەشبینە بەوەی بەرپرسیارێتیی ئۆپەراسیۆنە ئەمنییەکان بگوازرێتەوە بۆ هێزە عێراقییەکان و مانەوەی زیاتری هێزەکانی ئەمەریکاش تەنها بۆ مەبەستی مەشق و ڕاوێژکاری بێت نەك ئەرکی شەڕکردن.



*** بەڵام ئەم هەڵکشانەی توندوتیژی هاوکاتە لەگەڵ وادەی نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراق، ئایا تاچەند کاریگەری لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دەبێت؟**

- ئەمە پێویستی بە شەراکەت و گیانی هاوکاری هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە هاوبەشەکان، واتە دەبێت هاوڵاتیان و خەڵکی مەدەنیش هاوکاربن لەم هەوڵانەدا، مەبەستم لە ئاشکراکردن و سزادانی تیرۆریستانە، بۆ ئەم مەبەستەش دەبێت کار بۆ قەناعەتپێهێنانیان بکەین بەوەی دەبێت بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، بەشداری لەپرۆسەی سیاسی و پرۆسەی ئاشتەوایيدا بکەن.

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، پێشبینی دەکرێت کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە تاچ ڕادەیەك دەبێتەهۆی درێژەکێشانی بارودۆخە ئاڵۆزەکە؟**

- پێویستە ئاستێك لە هاوکارییان لە نێواندا هەبێت، من شارەزانیم لەپەیوەندی نێوان ئەم دوو حکومەتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت پەیوەندییەکی کارایان لە نێوانیدا هەبێت و دەبێت هەموو لایەك پابەندبن بە گرتنەبەری ئامراز و شێوازە شەرعییەکانەوە بۆ یەکلاکردنەوەی کێشە و ناکۆکییەکانیان، هەروەها دەبێت هاوکاری و هەماهەنگی هەبێت لە نێوانیاندا بۆ بەرەنگاربوونەوەو ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشەی تیرۆریزم لەوڵاتەکەدا.

*** ئایا پێت وانییە دەبێت ئەمەریکا ڕۆڵی کاراتر ببینێت لەعێراقدا؟**

- من پێم وایە هێزە سەربازییەکانی ئەمەریکا هۆشیارنین بە مەسەلە سیاسییەکان و لە سروشت و هەستیاری کەلتوری کۆمەڵگەی عێراقی تێناگەن، ئەمەریکا دەتوانێت لەڕووی باشترکردنی ڕەوشی ئەمنی و پەرەپێدانی بوارەکانی بازرگانی و وەبەرهێنان هاوکاری عێراقییەکان بکات بۆ ئەوەی هەلومەرجێك دروست بێت عێراقییەکان خۆیان بتوانن چارەسەرێك بۆ کێشە و

ناكۆكییەكانیان بدۆزنەوە، ئەمە تەحەددا ڕاستەقینەكەی بەردەم عێراقییەكانە، بەڵام من پێم وانیە ئیدارەی ئەمەریكا تەنها بایەخ بە ئەفغانستان بدات، ڕاستە ئیدارەی ئۆباما سەرقاڵی پێداچونەوە بە سیاسەت و ستراتیجیەتی ئەمەریكایە لەو وڵاتەدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەعێراقدا ئەمەریكا باڵیۆزی هەیە و باڵیۆزیش دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆ وەزیری دەرەوەو خودی سەرۆك ئۆباما بۆ ئەنجامدانی هەر پێداچونەوە و گۆڕانكارییەك لەسیاسەت و هەڵوێستی ئەمەریكا لە عێراقدا كەبە پێویست بزانێت.

*** ئێمە پێمان وایە ئەمەریكا شەكەت بووە لەعێراقداو دەیەوێت هەرچۆنێك بێت ئەو وڵاتە جێبهێڵێت؟**

- من پێم وایە دەبێت جیاوازی بكەین لەنێوان ڕای گشتی و ئیدارەی وڵاتەكەدا، چونكە بە باوەڕی من هێشتا ئیدارەی ئەمەریكا بایەخ و گرنگی بە ڕەوشی عێراق دەدات، هەروەها كەسێكی وەك تۆماس فریدمانیش لەم ڕۆژانەدا ئەوەی خستەڕوو كە دەبێت ئەمەریكا كار بۆ ئەوە بكات هەڵبژاردنێكی شەرعی لە عێراقدا ڕووبدات و حكومەتێك بێت كار بۆ بەرژەوەندی تێكڕای هاوڵاتیان بكات، نەك تەنها گروپێكی دیاریكراو.

*** ئایا ئەم كردەوە توندوتیژیانە تاچ ڕادەیەك لەبەرژەوەندی ئەلقاعیدەدایە بۆ ئەوەی دووبارە سەرهەڵبداتەوە؟**

- هەر كاتێك دەرفەتیان هەبێت تیرۆریستان گورزی خۆیان دەوەشێنن، لەبەر ئەوە دەبێت بەردەوام لەم ڕووەوە ووریاو ئامادەباش بین، لە ڕاستیدا بۆ كەمكردنەوەی هەڕەشەی تیرۆر دەبێت حكومەت كار بۆ ڕاكێشانی خەڵكی مەدەنی و هاوڵاتیان بكات بۆ ئەوەی هاوكاربن لە هەوڵەكانی ئاشكراكردن و سزادانی تیرۆریستاندا.

*** دوا وتەت چیە؟**

- من دڵنیام عێراق گرنگی و بایەخی خۆی هەیە بۆ ئاسایشی ئەمەریكا، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو كارێك دەكەین بۆ پاراستنی نەك تەنها ڕەوشی ئاسایش لەو وڵاتەدا، بەڵكو كار بۆ بەرەوپێشبردنی بواری ئابووری و سیاسیش دەكەین.



**دەبێت ئەمەریكا كار بۆ ئەوە بكات هەڵبژاردنێكی شەرعی لە عێراقدا ڕووبدات و حكومەتێك بێت كار بۆ بەرژەوەندی تێكڕای هاوڵاتیان بكات، نەك تەنها گروپێكی دیاریكراو**

**بۆ كەمكردنەوەی هەڕەشەی تیرۆر دەبێت حكومەت كار بۆ ڕاكێشانی خەڵكی مەدەنی و هاوڵاتیان بكات بۆ ئەوەی هاوكاربن لە هەوڵەكانی ئاشكراكردن و سزادانی تیرۆریستاندا**

پرۆفیسۆر رۆبەرت رابیل ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانكۆی فلۆریدا ئەتلەنتیك و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر كێشەی عێراق و هەرێمی كوردستان و، هەروەها بەڕێوەبەری پرۆژەی لێكۆڵینەوە و دیكۆمێنتاری عێراقە، ئەم پرۆژەیە بە ئاسانكاری لەلایەن زانكۆی هارڤاردەوە لەسەر بودجەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمەریكا لەساڵانی ٢٠٠١-٢٠٠٣ جێبەجێ كراوە ئێستاش لەنزیكەوە چاودێری رەوشی عێراق دەكات، بۆ قسەكردن لەسەر رەوشی ئێستای عێراق پرۆفیسۆر رابیل بەمجۆرە لەئاخاوتنێكی تایبەتدا وەڵامی پرسیارەكانی گوڵانی دایەوە:

## رۆبەرت رابیل بۆ گوڵان:

# تەقینەوەكانی هەفتەی رابردووی بەغدا پەیامی بەعسییەكان بوو بۆ حكومەتی مالیكی

*** چـــۆن بارودۆخی ئێســـتای عێراق دەبینیت بەبـــەراورد بـــە هەلومەرجی ڕابردوو؟**

- ئەمە پرسیارێكی گشتییە، لەهەمان كاتدا هەمەلایەنەشـــە. مـــن پێم وایە ئـــەوەی لەعێراقـــدا ڕوودەدات لەنێوان دوو ســـیناریۆدایە، ســـیناریۆی یەكەم ئەوەیە ڕێكخـــراوی ئەلقاعیدە دووبارە ســـەرهەڵدەداتەوەو بەهێز دەبێتەوە، ئەمە دوای ئەوەی لەســـەر دەستی هێزەكانی ئەمەریكاو عێراق گورزی كاریگەریان لێدرا و بەرەو لاوازی و سستبوون چوون. ســـیناریۆی دووەم ئەوەیە بەعسییەكان پەیامێك دەدەن بە حكومەتی مالیكی، یـــان دەبێت لە حكومەت و دەســـەڵاتدا ئاوێتەبكرێن، یاخود عێراق سەقامگیری بەخۆیەوە نابینیت. لە ڕاستیدا من نازانم كـــێ ئەم تەقینـــەوە خوێناویانە ئەنجام دەدات، ڕاستە ئەلقاعیدە بەرپرسیارێتی خـــۆی ڕاگەیاندووە لـــەم كارانە، بەڵام پرســـی ئـــەوەی كێ ئەنجامـــی داون پرســـێكی كراوەیە. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە هێشـــتا بارودۆخەكە باشـــترە بە بـــەراورد بە ڕابردوو، بـــەڵام دەبێت حكومەتی عێـــراق كاری زیاتر بكات بە تایبەتی كە ئەمەریكا هێزەكانی لەو وڵاتە دەكێشێتەوە.

*** ئایا مەســـەلەكە ئەوەیە ئەمەریكا لە عێراقدا شـــكەت بووەو ئیدارەی ئۆباما دەیەوێت هێزەكانی لەم وڵاتە بكێشێتەوە ؟ ئایـــا ڕۆڵـــی هێزەكانـــی ئەمەریكا**

نابێت چاوەڕوانی ئەوە بكەین ئەمەریكا هەڵبستێت بەچارەسەركردنی تێكڕایی كێشەكانی عێراق



**چی دەبێت بۆ چارەســـەكردنی كێشـــە هەڵپەسێردراوەكان لەعێراقدا؟**

- ئێمـــە دەبێت لەو ڕاســـتییە تێبگەین پێشتر تێگەیشـــتنێك لەنێوان حكومەتی عێراق و ئیدارەی بۆشدا ڕوویدان لەباری كشـــاندنەوەی هێزەكانـــی ئەمەریـــكا لەعێراقـــدا كەخـــۆی لەڕێككەوتنامە ئەمنیەكـــەدا بەرجەســـتەكرد، واتە بە چاوپۆشـــین لەبانگەشەكانی ئۆباما بۆ كشـــاندنەوەی هێزەكان لە عێراقدا ئەوا پێشتر ڕێككەوتنێكی ئەمنی هەبوو بۆ كشانەوەیان، كەواتە سیاسەتی ئەمەریكا ئەوەیە پاشەكشـــە بـــەم هێزانە بكات.

لەگەڵ ئەوەشـــدا، دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین كە ئەم ئیدارەیە زۆر بە وورياییەوە ڕاسپاردەی فەرماندە ســـەربازییەكانی مەیدانەكە لەبەرچاودەگرێت، بۆ نموونە ئیدارەی ئەمەریكا سەرقاڵی پێداچونەوەیە بەسیاسەتەكانی لەئەفغانستاندا لەسەر بنیچنـــەی ئەو ڕاســـپاردانە. هەروەها دەبێت ئەوە بزانین كە پاشەكشـــە مانای جیاوازی هەیە بۆ خەڵكانی جیاواز و لە هەلومەرجی جیاوازدا، ئێمە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین كـــە ئەمەریكا لەژێر فشـــارێكی گەورەدایـــە، لەبەر ئەوەی بزوتنەوەی تاڵیبان لەئەفغانستاندا بەهێز دەبێت و كێشەكە پەڕیەوەتەوە بۆ پاكستان و حاڵی حازر ئیســـلامییە ڕادیكاڵەكان گورز لەحكومەتی پاكستانی دەوەشێنن، واتە كێشەی جیددی هەیە لەو وڵاتەدا. بەو پێیـــە دەتوانین ئـــەوە بڵێین ئەگەر بارودۆخەكە لەعێـــراق بەرەو ئاڵۆزی و پشێوی بچێت ئەوا ڕەنگە كشانەوەكە بە پێی ئەو پلانەی بۆی دانراوە و بە پێی ئەوەی پێشبینی دەكرێت ڕوونەدات.

*** ئایا هەڵوێستی ئەمەریكا چی دەبێت ئەگەر لەكاتی پاشەكشـــەی هێزەكانیدا ڕەوتـــی توندوتیژی لـــە عێراقدا بەرەو هەڵكشان بچێت؟**

- من دەقا و دەق وەڵامی ئەم پرسیارەم دایەوە. وڵاتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكا خۆشـــحاڵ نییـــە بـــەوەی لەعێراقدا ڕودەدات و ڕەنگـــە ئـــەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات كاریگـــەری خراپـــی هەبێت

لەسەر سەرکەوتنی سیاسەتی ئەمەریکا لەشوێنەکانی دیکە، بۆ نموونە ئەفغانستان، کەواتە ئەمەریکا خوازیارە سەقامگیری و ئاسایش لەعێراقدا بێتەدی. ئەگەر توندوتیژی و ئاڵۆزیش لەعێراقدا بەرەو هەڵکشان بچن، ئەوا ئەمەریکا بەپێی ڕاسپاردەی فەرماندە مەیدانییەکانی سوپاو بە هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ دامودەزگاکانی حکومەتی عێراقیدا چەند ڕێ وشوێنێك دەگرێتەبەر.

*** تەقینەوە خوێناوییەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕابردوو گەورەتربوون بە بەراورد بە تەقینەوەکانی پێشوو، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك دەیسەلمێنێت کە کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنی ئەرکێکی ئاسان و دەبێت دانی پیدابنێین؟**

- ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت خودی حکومەتی مالیکی داوای پاشەکشەی هێزەکانی ئەمەریکای کرد و پەرلەمانی عێراقیش ڕێککەوتنەکەی پەسەند کرد. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەوەی لە عێراقدا ڕوودەدات، یەکەم چالاکبونەوەی ڕێکخراوی ئەل قاعیدە و بەهێزبوونی ئەم ڕێکخراوەیە، دووەم ئەوەیە بەشێك لە سوننەکان و بەعسییەکان ئەو پەیامە بە حکومەتی عێراقی دەدەن کە ئەگەر ئاوێتەنەکرێن و بەشداریان پێنەکرێت و نەبنە بەشێك لە دامەزراوەکانی حکومەت ئەوا ڕێگا بە چەسپاندنی سەقامگیری نادەن لەو وڵاتەکەدا، واتە ناڕازیبونێك هەیە لای بەشێکی عێراقییەکان و ڕەنگە ئەمەش پاڵنەرێك بێت بۆ ئەوەی ئاسانکاری بۆ ڕێکخراوی ئەل قاعیدە بکەنەوە لەعێراقدا. لەلایەکی دیکەوە بەشێك لەکێشەکە پەیوەندی بە وڵاتانی دراوسێیەوە هەیە بۆ نموونە سوریا، ئەوەی ئێمە ئاگاداری بین مالیکی لە سەردانەکەیدا بۆ سوریا داوای تەسلیمکردنەوەی چەند بەرپرسێکی بەعسی کردبوو، بەڵام وەڵامی سەرۆکی سوریا بە نەخێر بوو، هەروەها ئەوەیان بە مالیکی ڕاگەیاندبوو کە پێشتر تۆ لە سوریا بویت و حکومەتی ئەو کاتەی عێراق داوای تەسلیمکردنەوەی تۆی کرد و ئێمەش ئەم کارەمان نەکرد، بۆچی ئێستا کارێك لەگەڵ ئەم کەسانەدا بکەین کە لەبەرامبەر تۆدا نەمان کرد؟ کەواتە بەشێکی کێشەکانی عێراق لە ناوخۆدا و بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە دەوڵەتە دراوسێکانەوە هەیە.

*** لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکاندا ڕەوتی توندوتیژی هەڵدەکشێت، ئایا لە بارودۆخێکی لەم چەشنەدا هەڵبژاردن ئەنجامدەدرێت؟**

- من پێم وایە هەڵبژاردن لەعێراقدا ئەنجام دەدرێت، لەبەر ئەوەی بە ڕەچاوکردنی مێژوی ئەم دواییەی عێراق کە سەرەڕای هەڕەشە و مەترسی و توندوتیژییەکان عێراقییەکان بە ڕێژەیەکی گەورە بەشداریان کرد لە پرۆسەی دەنگداندا، ئەوا سەرەڕای ئەوەی ئەگەری هەڵکشانی مەترسی و توندوتیژی لە ئارادایە، بەڵام من پێم وایە عێراقییەکان بەشداری لە پرۆسەکەدا دەکەن و هەڵبژاردنیش ئەنجام دەدرێت.

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، پێشبینی دەکرێت کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە تا چ ڕادەیەك دەبێتەهۆی درێژەکێشانی بارودۆخە ئاڵۆزەکە؟**

- من پێم وانییە کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغدا بە چەشنی کێشەکانی نێوان کوردەکان و حکومەتی سەددام حوسێن لە ڕابردوودا سەخت و دژواربن، ڕاستە کێشە و گرفت هەیە، بەڵام دەکرێت لە ڕێی گفتوگۆوە چارەسەریان بۆ بدۆزرێتەوە. لەلایەکی دیکەوە کوردەکان دەستکەوتگەلێکی زۆریان هەیە، لە ڕاستیدا ئەوان هەموو شتێکیان هەیە دەوڵەت نەبێت، ئاسایش و سەقامگیریان هەیە، ئۆتۆنۆمیان هەیە، سەرۆکی عێراق کوردە، لەبەر ئەوە لەو باوەڕەدانیم پەنا بۆ شەڕببەن و هەموو ئەم دەستکەوتانە بخەنە مەترسییەوە، لەهەمان کاتدا حکومەتی مالیکی خوازیاری ئەوەنییە پەنا بۆ شەڕ ببات. کێشەکانی نێوان ئەم دوو حکومەتە لەسەر داهاتی نەوت و چارەنوسی کەرکوکە و ڕەنگە هەردوولا بچنە پرۆسەیەکی دوورودرێژی گفتوگۆوە بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشانە، لەبەر ئەوەی من پێم وانییە کێشەکان ئەوەندە گەورەبن کە هەردولا بیر لە پەنابردن بۆ شەڕکردن یان ناکۆکییەکی جیدی بکەنەوە.

*** ئایا پێت وانییە دەبێت ئەمەریکا ڕۆڵی کاراتر ببینێت لەعێراقدا؟**

- لەڕاستیدا ئەمەریکا بە هەزاران سەربازی خۆی لەعێراقدا بڵاوکردۆتەوەو بە ملیارەها دۆلاری لەم وڵاتەدا خەرجکردووە، لەوە زیاتر دەبێت ئەمەریکا چ ڕۆڵێك ببینێت؟ ڕاستە ئەمەریکا دەتوانێت ڕۆڵی یارمەتیدەر و دابینکاری ئاسایشی و مەشقپێکردنی هێزەکانی عێراق ببینێت، بەڵام ئەمەریکا ناتوانێت بچێتە جێی عێراقییەکان و ببێتە بەدیلی عێراقییەکان و کێشەکان چارەسەربکات، ڕاستە ئەمەریکا دەتوانێت ڕۆڵی میانگیری لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزیدا ببینێت، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی دەبێت عێراقییەکان خۆیان لەپێناو بەدەستهێنانی ئاسایش و ئاشتی و یەکێتیدا کار بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بکەن و سازش بۆ یەکتری بکەن، حکومەتی ناوەندی سازش بۆ حکومەتی هەرێم بکات و حکومەتی هەرێمیش بۆ حکومەتی ناوەندی. لەبەر ئەوە من هاوڕانیم لەگەڵ ئەو لێکدانەوەیەکدا کە دەڵێت: دەبێت ئەمەریکا ڕۆڵێکی باشتر ببینێت لەعێراقدا، ئەمەریکا هەرچی لەتوانایدا بووە لەعێراقدا ئەنجامی داوە، حکومەتی عێراقی داوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکای کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەمەریکا یارمەتی عێراقییەکان دەدات، لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی هەیە لەم وڵاتەدا، بەڵام نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکەین ئەمەریکا هەڵبستێت بەچارەسەرکردنی تێکڕای کێشەکانی عێراق.

ئەوەی لەعێراقدا ڕوودەدات لەنێوان دوو سیناریۆدایە، سیناریۆی یەکەم ئەوەیە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دووبارە سەرهەڵدەداتەوەو بەهێز دەبێتەوە، سیناریۆی دووەم ئەوەیە بەعسییەکان پەیامێک دەدەن بە حکومەتی مالیکی، یان دەبێت لە حکومەت و دەسەڵاتدا ئاوێتەبکرێن

پرۆفیسۆر ستیفن لۆنگ یەکێکە لەتایبەتمەندەکانی رەوشی عێراق و هەروەها تایبەتمەندە لەستراتیژییەتی ئاسایشی نێودەوڵەتی و تەنگژە نێودەوڵەتییەکان و ئوستادی زانستی سیاسەتیشە لەزانکۆی ریچمۆند . سەبارەت بەهەڵکشانی کارە توندوتیژییەکان لە عێراق و تەقینەوەکانی هەفتەی رابردووی بەغدا پرۆفیسۆر ریچمۆند بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو:

## ستیفن لۆنگ بۆ گوڵان:

# ئەگەر هەڵبژاردنەکان لەکاتی خۆیدا ئەنجامنەدرێت ئەمەریکا چاو بەکشانەوەی هێزەکانیدا دەخشێنێتەوە

*** ٧ساڵە ئەمەریکا بەڵێن دەدات سەقامگیری لەعێراقدا دابین بکات، بەڵام کارە توندوتیژییەکان هەر بەردەوامن، ئایا بۆچی ئەمەریکا بارودۆخی عێراقی پێ کۆنترۆڵ ناکرێت:**

- من پێم وایە ئەو کێشانەی لەعێراقدا هەن هۆکارەکەی بۆ داگیرکردنی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە لەلایەن ئەمەریکاوە، هەروەها بۆ ئەو سیاسەتە شکستخواردووەی ئەمەریکا دەگەڕێتەوە لەدوای داگیرکردنەوەکەوە کە نەیتوانتی ئاسایشی وڵاتەکە بپارێزێت و ئێستا ئەمەریکا بەرپرسیارێتی لەئەستۆیە بۆ یارمەتیدانی عێراقییەکان لەم ڕووەوە. ڕاستە ئەمەریکا نیگەرانییەکی گەورەترو زیاتری هەیە لە ئاست ئەفغانستاندا بەبەراورد بە دوو یان سێ ساڵی ڕابردوو، هۆکارەکەش ئەوەیە بزوتنەوەی تاڵیبان لەبەهێزبووندایە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئیدارەی ئەمەریکا درك بەو ڕاستییە دەکات کە ناتوانێت لەماوەیەکی کورتدا لە عێراق بکشێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێت بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ پشتیوانی لە حکومەتی عێراق بکرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ڕەوشی ئاسایش بکات. لێرەدا کێشەکە ئەوەیە ڕەنگە ئەمەریکا نەتوانێت دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکان لە کاروباری ناوخۆی عێراقدا ڕابگرێت، ئێمە دەزانین وڵاتانی ئێران و تورکیا و وڵاتانی دیکەش بەرژەوەندییان هەیە لەدەستێوەردانی بارودۆخی عێراقداو

ئیدارەی ئەمەریکا درك بەو ڕاستییە دەکات کە ناتوانێت لەماوەیەکی کورتدا لە عێراق بکشێتەوە، لەبەر ئەوەی دەبێت بۆ ماوەیەکی دورودرێژ پشتیوانی لە حکومەتی عێراق بکرێت بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی ڕەوشی ئاسایش بکات



کێشەکە ئەوەیە چۆن حکومەتی عێراقی دەتوانێت سەروەری خۆی بپارێزێت لەبەرامبەر ئەم تەحەددیانەدا.

*** تەقینەوە خوێناوییەکانی ئەم ڕۆژانەی ڕابردوو گەورەتربوون بە بەراورد بە تەقینەوەکانی پێشو، ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك دەیسەلمێنێت کە کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنی ئەرکێکی ئاسان نییەو دەبێت دانی پێدابنێین؟**

ئەوە ڕاستە تەقینەوە خوێناوییەکانی ئەم دواییە ئەوەیان خستەڕوو کە ئێمە سەرکەوتوو نەبووینە لە شەڕە درێژخایەنەکاماندا لەپێناو بەدەستهێنانی سەقامگیری، هەروەها ئەوەی خستەڕوو کە ئەمە خەباتێکی ئاسان نییە و من پێم وایە دەبێت ئەمەریکا جیددیتر بیر بکاتەوە بۆ یارمەتیدانی عێراق لەم ئەرکەدا.

*** لەگەڵ نزیکبونەوەی وادەی هەڵبژاردنەکاندا ڕەوتی توندوتیژی هەڵدەکشێت و ڕەوشەکە بەرەو هەرەس دەچێت، ئایا لەبارودۆخێکی لەم چەشنەدا چ شتێك لەعێراق چاوەڕوان دەکرێت؟**

ئەوە ڕاستە لەگەڵ نزیکبونەوەی هەڵبژاردنەکاندا ئەو کەسانەی دژی پرۆسەکەن هەوڵی ترساندن و هەڕەشەکردن لەدەنگدەران دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەکەدا نەکەن، یاخود دەنگ بەلایەن و پاڵێوراوە میانڕەوەکان نەدەن، واتە توندوتیژی بەکاردەهێنن یان بۆ پەکسختنی پرۆسەکە یان بۆ کاریگەربوون لەسەر دەرئەنجامەکەی.

*** لەم بارودۆخە ئاڵۆزەدا، پێشبینی دەکرێت کێشەکانی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق بە هەڵپەسێردراوی بمێننەوە، ئایا چارەسەرنەکردنی ئەم کێشانە تاچ ڕادەیەك دەبێتەهۆی درێژەکێشانی بارودۆخە ئاڵۆزەکە؟**

لەڕاستیدا ئەمانە کێشەی گەورەن بۆ ئایندەی عێراق و دەبێت بگەنە جۆرێك لەڕێککەوتن لەنێو خۆیاندا، کێشەکانیش لەسەر چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی

نەوت و مەسەلەی ئەوەی کێ بەرپرسیارێتی ئەمنی ناوچەگەلێکی دیاریکراو بکات. ڕاستە کوردەکان کەمینەن لەعێراقدا، بەڵام دەبێت ڕۆڵیان هەبێت لەحکومەتی نیشتمانیدا، هەروەها دەبێت کوردەکانیش لەو ڕاستییە تێبگەن کە شیعەکان بۆ ماوەیەکی دوورودرێژبوو لە حکومڕانێتی دورخرابوونەوەو ئێستا مافی خۆیانە لە حکومەتی مەرکەزیدا بن، بەڵام هەردەبێت ڕێککەوتنێك بێتەدی لە نێوان کوردەکان و حکومەتی مەرکەزیدا لەسەر ئەو مەسەلانە.

*** بەڵام ئەوە چەند ساڵە عێراقییەکان نەیانتوانیوە ئەم کێشانە چارەسەربکەن، ئایا پێت وانییە دەبێت ئەمەریکا ڕۆڵی کاراتر ببینێت لەعێراقدا؟**

- دەبێت لەم ڕووەوە وورپابین چونکە ئەو دیموکراسیەی لە عێراقدا بنیاتنراوە لەکۆتاییدا هەر دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان و نابێت وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەو شێوەیە دەربکەوێت کەهەڵدەستێت بە بنیاتنانی دیموکراسی بۆ عێراقییەکان، ئەگەر بۆ مێژووی ئەمەریکا بگەڕێینەوە ئەوا بۆ گەیشتن بەم ئامانجە ئێمە کاتێکی دوورودرێژمان تەرخان کرد،لەڕاستیدا ئەمە ئەوە بەسەر سەرکردە میانڕەوەکانی عێراقدا دەسەپێنێت کە ئەوەندە بوێر بن بتوانن سازش لەگەڵ یەکدا بکەن، ئێمە دەبێت ئەوەمان لەبەرچاوبێت کە ئەم پرۆسەیە حەوت ساڵە لەعێراقدا دەستی پێکردووە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاش لەدوای حەوت ساڵ لەدروستبوونی بەبارودۆخێکی ئارام و ئاشتیدا تێنەدەپەڕی.

*** پێت وایە پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق بتوانن بگەنە جۆرێك لە ڕێککەوتن و تێگەیشتن لەنێوخۆیاندا؟**

- من پێم وایە لەکۆتاییدا هەر دەبێت بگەنە لێکتێگەیشتن،ئەمەش دەوەستێتەسەر بەرەوپێشچوونی پرۆسەکە و ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەو شێوەیەی پلانی بۆ دانراوە، هەروەها دەوەستێتەسەر ئەوەی پێکهاتەولایەنە جیاوازەکان هەست بکەن نوێنەرایەتیان هەیە لەحکومەتەکەدا، بۆ نموونە ڕاستە شیعە زۆرینەن،بەڵام دەبێت ڕێزلەمافی کەمینەکان بگرن، هەروەها دەبێت کورد و سوننەکانیش ڕێز لەحکومەتی هەڵبژێدراو بگرن، واتە دەبێت هەموولایەك دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان قبوڵ بکەن و لایەنی دۆڕاویش دووبارە ئامادەسازی بکاتەوە بۆ ئەوەی لەهەڵبژاردنەکانی داهاتوودا پێگەیەکی باشتر بەدەست بهێنێت لەبری ئەوەی دەرئەنجامە ڕەتبکاتەوەو پەنا بۆ توندوتیژی ببات.

*** بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەژینگە سیاسییەکە و نەباری سەقامگیری ڕێگە بەسازدانی هەڵبژاردن نادەن لەکاتی خۆیدا، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر ئەم هەڵبژاردنە دوابکەوێت چ کاردنەوەو ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- من پێم وایە ئیدارەی ئۆباما پتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە دەبێت هەڵبژاردنێکی ئازاد و شەرعی لەعێراقدا ئەنجام بدرێت و نەبێتە جێی گومان بە چەشنی ئەوەی لە ئەفغانستاندا ڕوویدا، واتە ئەگەر ئەوە یەکلابۆوە کە ناکرێت هەڵبژاردنێکی نەزیە و عادیلانە ئەنجام



بدرێت، ئەوا من پێم وایە ئەمەریکا زیاتر لە عێراقدا دەمێنێتەوە و ڕەنگە پابەندنەبێت بە خشتە زەمەنییەکەوە بۆ جێهێشتنی عێراق.

*** تاچەند دەستێوەردانی دەرەکی فاکتەری تەنگژە ناوخۆییەکانی عێراقە؟**

- دەوڵەتە دراوسێکان، بۆ نموونە سوریا و ئێران پێیان وایە لە عێراقدا دەرفەتی دەستێوەردانیان هەیە لەبەر ئەوەی حکومەتێکی مەرکەزی لاواز لەو وڵاتەدا هەیە، من پێم وایە دەبێت حکومەتی عێراق کار بۆ هێنانەدی ئیجماعێك بکات کە دەسەڵاتەکەی شەرعییە، واتە بەشداری بە تێکڕای پێکهاتەکانی وڵاتەکە بکات بۆ ئەوەی دەسەڵاتێکی شەرعی بهێنێتەئاراوە، ئەمە دەبێتەهۆی سستکردنی ڕەوتی دەستێوەردانی ئەم وڵاتانە، ڕەنگە ئەمەش چەند ساڵێك بخایەنێت، بەڵام هەر دەبێت کار بۆ هێنانەدی بکرێت.

*** ئایا ئەمە تا چ ڕادەیەك لەبەرژەوەندی ئەلقاعیدەدایە بۆ ئەوەی دووبارە سەرهەڵبداتەوە؟**

- کێشەکە ئەوەیە خەڵکی ئەمەریکا باوەڕیان وانەبوو کەپێشتر ئەل قاعیدە بوونی نەبوو لەعێراقدا و داگیرکاری ئەمەریکا بواری بۆ چالاکبوونی ئەم ڕێکخراوە لەعێراقدا ڕەخساند، لەبەر ئەوەی بۆش هەمیشە ئەوەی دووپات دەکردەوە کە ئەل قاعیدە لەعێراقدا هۆکاری تێکڕای کێشەکانن و دەبێت لەو وڵاتەدا بمێنینەوە، بەڵام واقیعەکە ئەوەبوو کە زۆربەی یاخیبوونەکان خودی خەڵکی عێراق لێی بەرپرسبوون و ئێستاش چارەسەرەکە ئەوەیە حکومەتێك پێکبهێنرێت جێی ڕەزامەندی هەر سێ پێکهاتە سەرەکییەکەی وڵاتەکە بێت.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من دەمەوێت خەڵکی عێراق لەوە تێبگات کە سەرەڕای ئەوەی ئێمە خوازیاری گەڕانەوەی سەربازەکانین، بەڵام ئێمە نامانەوێت وڵاتەکە لە پشێوی و ئاڵۆزیداجێبهێڵین و ئێمە بایەخ بە سەقامگیری عێراق دەدەین.

**تەقینەوە خوێناوییەکانی ئەم دواییە ئەوەیان خستەڕوو کە ئێمە سەرکەوتوو نەبووینە لە شەڕە درێژخایەنەکاماندا لەپێناو بەدەستهێنانی سەقامگیری**

**لەگەڵ نزیکبونەوەی هەڵبژاردنەکاندا ئەو کەسانەی دژی پرۆسەکەن هەوڵی ترساندن و هەڕەشەکردن لەدەنگدەران دەکەن بۆ ئەوەی بەشداری لە پرۆسەکەدا نەکەن، یاخود دەنگ بەلایەن و پاڵێوراوە میانڕەوەکان نەدەن**

# لەقەندیل و مەخمورەوە بەرەو یاسای پەشیمانی




**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**


کتوپڕ، گەڕانەوەی ٣٤ کەس لەهەرێمی کوردستانەوە بۆ تورکیا، بوو بەنمایشێک بۆ نواندنی هێـزو پروپاگەندەکردن بۆ پەکەکـەو عەبدوڵڵا ئۆجەلانی بەندکراو لەزیندانی ئیمرالی. ئەو ٣٤ کەسـەی لەبرایم خەلیل خۆیان رادەستی هێزەکانی تورک کرد، کەهەشـتیان پێشمەرگەی پەکەکـەن و ٢٦ کەسـەکەی تـر لەئاوارەکانی کامپی مەخمورن، لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیاندا، هەموویان یەک وەڵامی ئامادەیان هەبو: ئێمە لەسـەر داوای ئۆجەلان گەڕاوینەتەوە. ئەمەش گومانـی ئەوەی لێ دەکـرێ کەهەر هەموویان بەر لەوەی بەرەو دەروازەی برایم خەلیـل بەڕێ کرابن، فێـر کراون پاش خۆبەدەسـتەوەدان چی بڵێـن. تەنانەت هەندێکیـان ئەوەنـدە بەڕەقی وەڵامی پرسیارەکانیان دەدایەوە، دادوەرەکان ناچار بون لێیان بپارێنـەوە کەنەختێک نەرمتر قسـە بکەن و هەلومەرجەکە لەبەرچاو بگرن.

لەکۆتاییشدا، پاش ئەوەی ئازاد کران، دەتەپە پێشـوازییەکی گەرم و گوڕی بۆ ساز کردن و جەماوەرێکی زۆری بۆ بەخێرهاتنەوەیان هێنایە سەر شەقامەکان. سـەرەنجام، پێشـوازییەکە لـەوە ترازا کەتەنها پێشوازی بێ و بوو بەنمایشێک بۆ نواندنی دەسترۆیشـتوییی پەکەکەو بانگەشـەکردن بۆ دەستپێشخەرییەکانی ئیمرالی.

بەدڵنیاییـیـەوە، پارتی دادو پەرەپێدان چاوەڕوانـی شـتێکی وای نەدەکردو لەکاتێکدا دەیویست خۆبەدەستەوەدانەکە وا پیشـان بـدات کـە ڕەنگدانەوەی سـەرکەوتنی سیاسەتەکەیەتی و دەشێ خۆبەدەسـتەوەدانی ئەم ژمـارە کەمە دەروازەی خۆبەدەستەوەدانی ژمارەیەکی زۆرتر لەسـەر گازی پشـت بکاتەوە بەجۆرێك کەئیـدی ڕەنگە چەکدارەکان پۆل پـۆل بگەڕێنـەوە، دەتەپە هەمو بەرنامەکـەی پارتـی دادو پەرەپێدانی تێکداو ویسـتی خۆبەدەسـتەوەدانەکە بەقازانجی خۆی بقۆزێتەوە.

لەڕوانگەی ئەنکـەرەوە، گەڕاوەکان پەشـیمانن و بەپێی یاسای پەشیمانی خۆیـان بەدەسـتەوە داوە، لەکاتێکـدا دەتەپـە وەك پاڵـەوان پێشـوازیی لێ کردن و واشـی نیشاندا کە گەڕانەوەیان زادەی دەستپێشـخەرییەکەی ئیمرالییەو پەیوەندیـی بەدەستپێشـخەرییەکەی ئەنکەرەوە نیە، مەسەلەیەك کە ئەردوگانی هاندا بەرپەرچی ئەم بانگەشەیە بداتەوەو دەتەپە لەوە وریـا بکاتەوە کە "هەوڵدان بۆ بەدەسـت هێنانی قازانجی سیاسی، ناچارمـان دەکا قۆناغەکـە ڕاگرین و بگەڕێینەوە سەر خاڵی سفر".

نیگەرانیی ئەنکەرە لەجێی خۆیەتی چونکە نمایشـە کتوپڕەکـەی دەتەپە دەشـێ هەڕەشـە لەو پرۆسـەیە بکا کەئەنکـەرە یەکلایەنـە دەسـتی پێ کـردوەو هێشـتا لەسـەرەنجامەکەی دڵنیا نیـە. بەدڵنیاییەوە، نمایشەکە ئۆپۆزسـیۆن و سوپاو بەشێکی فراوانی تورکەکانـی ڕاچڵەکانـد و هانی دان دەستپێشخەرییەکەی ئەنکەرە لەبنەڕەتەوە بدەنە بەر توانج.

لەڕاستیدا، دەتەپە پەلەی لەم مەسەلەیە کردو بەخۆڕایی نمایشـێکی ساز کرد کەهیچ خزمەت بەهەوڵەکانی ئاشـتی نـاکا. دەبوایە کـوردی تورکیا ئەوەی لەبەرچـاو بوایە کەپارتی دەسـەڵاتدار لەپانتاییەکی تەنگەبـەردا جموجوڵ دەکاو لەدەستپێشخەرییەکەیدا سەرەڕای کـرچ و کاڵـی و کەموکوڕیەکانـی، پەراوێزێکی گونجـاوی بۆ وروژاندنی پێویستیی چارەسـەرکردنی مەسەلەی کورد پەیدا کردوە. ئەم دەستپێشـخەرییە بەبێ پشتیوانیی کورد سەرکەوتن بەدەست ناهێنێ و لەم چوارچێوەیەدا دروستکردنی کێشـە بۆ ئەنکـەرە لەهەوڵەکانیدا بۆ بەئـاکام گەیاندنی پرۆژەکـە، زۆرتر بەزیانی کورد دەشکێتەوەو بەرژەوەندیی کورد لەسەرکەوتنی پرۆژەکە دایە نەك شێواندنی.

دەبـێ دان بەوەدا بنـرێ کەفەراهەم کردنـی هەلومەرجێـك کەتێیدا گروپە ٣٤ کەسـییەکە توانیویەتی لەسایەیدا بگەڕێتـەوە بـۆ تورکیـا، بەرهەمی دەستپێشخەرییەکەی ئەنکەرەیەو ڕۆڵی ئیمرالی لەڕۆڵی پشتیوان و یارمەتیدەر بـەولاوە هیچـی تـر نیـە. ئەنکەرە بەپێویستی دەزانێ بەڵگەیەکی ڕاست و ڕەوانیی سیاسـەتەکەی بەدەستەوە بێ. کوردیش دەبێ لەم ڕووەوە یارمەتیی بداو دەستپێشخەرییەکەی لێ تێك نەدا.

# پارتە سیایەکان و ژیانی پەرلەمانی
# ئەدای خراپی پارتە سیاسیەکان گەورەترین گورز لە دیموکراتی دەدات

کاتێك دەڵێین دیموکراتی بەبێ بوونی پارتی سیاسیی هیچ مانایەکی نییە، مەبەست ئەوەیە پارتە سیاسییەکان لەو کاتەی لە ژیانی پەرلەمانیدا نوێنەرایەتی هاوڵاتیانی خۆیان دەکەن، لەبیریان بێت ئەوان راستە کاندیدی حزبە سیاسییەکانن، بەڵام وەك نوێنەرانی خەڵك لە پەرلەمان و نوێنەرایەتی ژمارەیەکی زۆری دەنگی خەڵك دەکەن، بۆیە زۆر گرنگە لە روانگەی بەرژەوەندی گشتییەوە سەیری کێشەکان بکەن و بەرژەوەندیە حیزبییەکانیان وەك بەرژەوەندی گشتی پیشانی خەڵك نەدەن، ئەم حاڵەتە بۆ ئێستای ئێمە گرنگە بە هۆشدارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، لەبەر ئەوەی لە دەسپێکی قۆناخێکی تازەداین و پەرلەمانی کوردستانیش دیاردەی ئۆپۆزسیۆنی تێدا دەرکەوتووە، بۆ ئەم باسە گرنگە چەندین پسپۆر لەسەر ئاستی جیهان بە شداریان کردوین ئەمەش دەقی لێدوانەکانیانە.



پرۆفیسۆر باربارا گیدس، ئوستادی زانستی سیاسەتە لەزانکۆی کالیفۆرنیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەبوارەکانی دیموکراتی لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوو، قۆناخی راگواستن لەتۆتالیتاریزمەوە بۆ دیموکراسی، ریفۆرم لەدەزگا بیرۆکراسیەکانی دەوڵەت لەوڵاتانی ئەمریکای لاتینی، ئەمە بێجگە لەبایەخدانی بەسیستمی پارتە سیاسیەکان لەدەوڵەتانی تازە پێگەیشتوو و هەروەها رۆڵی پارتە سیاسیەکان لەپەرلەمان و پیادەکردنی دیموکراتی، سەبارەت بەم پرسە گرنگانە پرۆفیسۆر باربارا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.

## باربارا گیدس بۆ گوڵان:

# کۆمارییەکانی ئەمەریکا هەموو هەوڵێک دەدەن بۆئەوەی ئۆباما وەک سەرۆکێکی شکستخوارد دەربکەوێت، بەڵام ئەم کارە لەڕێی کۆتایهێنان بەدیموکراسی وڵاتەکەوە ئەنجامنادەن

دیموکراسی تەنها پەیوەست نییە بەسیستمی حزبایەتیەوە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی ئایا حکومەتێکی تۆکمە لەئارادایە لەکاتێکدا ئەو هەموو پارتە نوێنەرایەتیان هەیە

*** ئایا سیستمی حزبایەتی لەعێراقدا چۆن دەبینیت و پێتوایە دیموکراسی بەرهەمبهێنێت؟**

- بەشێوەیەکی گشتی لێکۆڵەرەوان ئاماژە بەجیاوازی نێوان ئەو سیستمە دەکەن کە تاقە پارتێکی دیاریکراو تێیدا باڵادەستە، لەگەڵ سیستمی فرەحزبایەتی کە یەکەمیان بەسیستمی نادیموکراسی لەقەڵەمدەدەن لەکاتێکدا سیستمی دووەمیان بەدیموکراسی. ئەوەی بەدیدەکرێت لەعێراقدا بوونی سیستمی فرە حزبایەتیە و پارتگەلێکی سیاسی زۆر لەئارادان کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی جیاواز دەکەن، بەڵام ئایا لەعێراقدا دیموکراسیەکی گەشەکردوو لەئارادایە؟ ئەمە پرسیار و مەسەلەیەکی جیاوازە، چونکە دیموکراسی تەنها پەیوەست نییە بەسیستمی حزبایەتیەوە، بەڵکو پەیوەستە بەوەی ئایا حکومەتێکی تۆکمە لەئارادایە لەکاتێکدا ئەو هەموو پارتە نوێنەرایەتیان هەیە، ئایا هەڵبژاردنەکان ئازادانە بەڕێوەدەچن، ئایا ئەو گروپانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتدان پەنا بۆ توندوتیژی و ناسەقامگیرکردنی حکومەت دەبەن یان قەناعەتیان پێدەهێنرێت بۆ ئەوەی بەشداری لەپرۆسە سیاسیەکەدا بکەن.

*** لەوڵاتانی ئەوروپادا کولتوورێکی دیموکراسی لەئارادایە، لەدەمێکدا لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکان پارتە حکومڕان و پارتە بەرهەڵستکارەکان هەوڵی ئەوە دەدەن دیموکراسی بکەنە ئایدۆلۆژیای خۆیان، لەکاتێکدا ئەوان تەنها بایەخ بەو لایەنانەی دیموکراسی دەدەن کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە، ڕاوبۆچوونی**



**ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لەوڵاتانی ئەوروپاشدا لەسەرەتادا ئەم کولتووره بوونی نەبوو، بەڵام دواتر لەڕەوتی گەشەکردن و بەرەوپێشچوونی ئەو وڵاتانەدا و لەچوارچێوەی هەوڵەکانی پەرەپێدانی دیموکراسی ئەم کولتووره دروستبوو. ئێمە هەمان حاڵەت لەهەندێ وڵاتی ئەمەریکای لاتیندا بەدی دەکەین، بۆ نموونە ئەرجەنتین. لەلایەکی دیکەوە ئێمە دەبێت ئەوە ڕاستیەمان لەبەرچاو بێت کە تەنانەت پارتە سیاسییە دیموکراتیەکانیش هەوڵی ئەوە دەدەن بەرژەوەندی خۆیان و گروپەکەیان پەرەپێبدەن، بەڵام لەسیستمی دیموکراسیدا ڕێگایان پێنادرێت ئەم کارە لەسەر حسابی دیموکراسی ئەنجامبدەن، بەدەربڕینێکی دیکە دەرفەتی ئەوەیان نییە کۆتایی بەدیموکراسی بهێنن بۆئەوی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بهێننەدی، بۆ نموونە کۆماریەکانی ئەمەریکا هەموو هەوڵێك دەدەن بۆ ئەوەی ئۆباما وەك سەرۆکێکی شکستخواردوو دەربکەوێت، بەڵام ئەم کارە لەڕێی کۆتایی پێهێنان بەدیموکراسی وڵاتەکەوە ئەنجامنادەن، چونکە سیستمی ئەو وڵاتە ڕێگە بەم ئەگەرە نادات، ڕێگا نادات کارە خۆپەرستیەکانی پارتە سیاسییەکان ببنە هۆی لاوازکردن و لەناوبردنی دیموکراسی. بەڵام لەوڵاتێکی وەك عێراقدا، لەبەرئەوەی سیستمەکە لاوازە، ئەوا ڕەنگە پارتەکان لەچوارچێوەی هەوڵەکانیان بۆ هێنانەدی بەرژەوەندیەکانیان کار بۆ تێکدان، لاوازکردن و کۆتاییهێنان بەدیموکراسی بکەن.



*** ئێمە دەزانین زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئەندامی پارتە سیاسییەکانن، بەڵام ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت لەپەرلەماندا کار بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سەرنجی پەرلەمانتارەکان بۆ ئەم ڕاستیە ڕابکێشین بۆ ئەوەی بەمشێوەیە کاربکەن؟**

- لەڕووی تیۆریەوە دەبێت لەپەرلەماندا بەرژەوەندیە نەتەوەییەکان باڵادەستبن، یاخود دەبێت پەرلەمانتارەکان کار بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بکەن، بەهەمانشێوە گریمانەی ئەوە دەکرێت لەحکومەتدا بەرژەوەندیە بەرتەسکەکان تێپەڕێنرێت و بەرژەوەندیە گشتیەکان لەسیاسەتی حکومەتدا ڕەنگبدەنەوە. ئەوەی بەدیدەکرێت ئەوەیە زۆرجار پارت و کوتلەکانی ناو پەرلەمان تێگەیشتنی جیاوازیان هەیە بۆ بەرژەوەندیە گشتی و نەتەوەییەکان و ڕەنگە تەنها لەکاتی قەیرانی ئابووری یان ئەو کاتەی وڵاتەکە ڕووبەڕووی شەڕ و هەڕەشەی داگیرکاری دەبێتەوە لەلایەن هێزێکی دەرەکییەوە تێگەیشتنی هاوبەش و هەڵوێستی هاوبەش دروستبێت لەئاست ئەم پرسەدا. هەروەها زۆرجار تێگەیشتن و تێڕوانینی پارتی باڵادەست یان پارتی حکومڕان بۆ بەرژەوەندی نیشتمانی لەسیاسەتی گشتی وڵاتەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، بەڵام لەدیموکراسیدا ئەم پارتانە ناتوانن سیاسەتێك بگرنەبەر کە زیان بەبەرژەوەندیە گشتیەکان یان بەئابووری وڵات بگەیەنن، لەبەرئەوەی لەهەڵبژاردنی داهاتوودا خەڵك متمانەیان لێوەردەگرێتەوە.

*** ئایا ڕەفتاری خراپی پارتە سیاسیەکان تا چ ڕادەیەك زیانبەخشە بەدیموکراسی؟**

- من بەڵگەگەلێکی زۆر نابینم لەسەر سەرنەکەوتنی دیموکراسی لەوڵاتانی ئەمەریکای لاتین و وڵاتانی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتدا، مەبەستم ئەوەیە زۆرجار سیاسەتە پۆپۆلیستییەکانیش پشتگیری جەماوەریان بەدەستهێناوە، بۆ نموونە ئەگەر ئاماژە بەسەرۆکی فەنزویلا بکەین، ئەوا لەڕوویەکەوە شافێز سەرۆکێکی نادیموکراتییە، بەڵام واقیعەکەش ئەوەیە خەڵکێکی زۆری وڵاتەکە پشتیوانی لێدەکەن و بەرهەڵستی ناکەن. من پێموایە هەندێ لەو وڵاتانەی ئەورووپای ڕۆژهەڵاتیش کە شکستیانهێناوە لەدیموکراسیدا، هۆکارەکە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەر لەبنەڕەتەوە ئەوان قۆناخی ئینتیقالیان نەبڕیوە بەرەو دیموکراسی و بەرپرسە کۆمۆنیستییەکانی پێشوو جڵەوی دەسەڵاتی وڵاتەکەیان گرتۆتەوەدەست.

*** چۆن بتوانین سیستمێکی پارتایەتی سەرکەوتوو دابمەزرێنین کە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبێت لەبنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- من پێموایە دەبێت هەڵبژاردنی ئازاد بکرێت، ڕێگە بەساختەکاری و هەڕەشەکردن لەدەنگدەران نەدرێت، هەروەها دەبێت بایەخ بەپەروەردە و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بدرێت، لەهەمانکاتدا دەبێت پارتە سیاسییەکان لەوە بترسن کە ئەگەر لەبەرژەوەندی هاووڵاتیان کارنەکەن ئەوا لەهەڵبژاردنی داهاتوودا ئەگەری ئەوە هەیە متمانەی جەماوەر لەدەستبدەن. ئێمە لەم ڕووەوە نموونەی وڵاتانی ئەمەریکای لاتینمان هەیە، کە گەندەڵی کێشەیەکی گەورە بوو لەوڵاتانەدا، بەڵام لەماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا بەهۆی ئەوەی ڕاگەیاندن سەربەخۆیی وەرگرت لەبڵاوکردنەوەی کەیسەکانی گەندەڵیدا ئەوا زۆرێك لەدەسەڵاتداران پۆست و بەرپرسیارێتییەکانیان لەدەستدا، مەبەستم ئەوەیە دەبێت لەدیموکراسیدا کار بۆ سنووردارکردنی ڕەفتاری خراپی پارتە سیاسییەکان بکرێت.

**لەسیستمی دیموکراسیدا ڕێگایان پێنادرێت ئەم کارە لەسەر حسابی دیموکراسی ئەنجامبدەن، بەدەربڕینێکی دیکە دەرفەتی ئەوەیان نییە کۆتایی بەدیموکراسی بهێنن بۆئەوەی بەرژەوەندیەکانی خۆیان بهێننەدی**

خاتوو کارمین جبریل مامۆستای سۆسیۆلۆژیە لەزانکۆی ڕۆمانیا.
پسپۆڕ و تایبەتمەندە لەسەر کۆمەڵگاکانی ناوەڕاستی ئەورووپا بەگشتی و ڕۆمانیا بەتایبەتی.
سەبارەت بەرۆڵ و کاریگەری پارتە سیاسییەکان و شێوازی پارتایەتی لەسەر شێوازی کۆمەڵگە و بونیادی دیموکراتی،
خاتوو کارمین بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.

## کارمین جبریل بۆ گوڵان:

# سیستمی فرەپارتایەتی کە لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی بنیاتنراوە و باشترین سیستمە بۆ نوێنەرایەتیکردنی تێکڕایی دەنگەکانی کۆمەڵگەوە

*** سیستمی حزبایەتی یەکێک لەبناخە سەرەکییەکانی سیستمی دیموکراسی و پەرلەمانی، ئایا جیاوازییەکانی سیستمی حزبایەتی چ ڕەنگدانەوەیەکیان هەیە و ئایا چەند جۆر سیستمی پارتایەتی لەئارادایە؟**

- لەراستیدا پارتەکان و سیستمی پارتایەتی بەیەکێك لەلایەنە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی دیموکراسی دادەنرێن. جۆرەها پۆلبەندیکرن بۆ سیستمی پارتایەتی هەیە، ئەمەش دەوەستێتەسەر ئەو پێوەرانەی بەکاردەهێنرێن بۆ پیشاندانی جیاوازی نێوانیان. لەگەڵ ئەوەشدا، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەست بێت بەپەرلەمان و ئەرکەکانیەوە لەکۆمەڵگەی دیموکراسیدا دەتوانیت لەئەدەبیاتی پەیوەست بەم بوارەوە سێ جۆر سیستمی پارتایەتی بەدی بکەیت: سیستمی تاکحزبی (کاتێك تەنها یەك پارت سەرکردایەتی دەکات و ئەمەش لەرژێمە شمولی و تاکرەوەکاندا بەدیدەکرێت)، سیستمی دوو پارتی ( کە تەنها دوو پارتی گرنگ لەئارادان، ئەمەش بەزۆری گرێدەدرێتەوە بەدیموکراسی زۆرینەوە، کە تێیدا سیستمی هەڵبژاردن لەسەر بنەمای زۆرینە کاردەکات. ئەمە سیستمێکی زۆر سەقامگیرە و سەردەکێشێت بۆ سەقامگیری سیاسی. لەگەڵ ئەوەشدا، چەند لایەنێکی سلبی هەیە لەبەرئەوەی ڕێگە بەنوێنەرایەتی کەمینەکان یان پارتە بچوکەکان نادات) هەروەها سیستمی فرەپارتایەتی (ئەمەش سیستمێکە گرێدەدرێتەوە بەو سیستمی هەڵبژاردنەی لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی ڕێژەیی بنیاتنراوە و ئەمەش باشترین سیستمە لەڕووی نوێنەرایەتیکردنی تێکڕایی دەنگەکانی کۆمەڵگەوە. کێشەی سەرەکی ئەم سیستمە ئەو واقیعەیە کە هیچ پارتێکی گەورە لەئارادانییە بۆ ئەوەی بتوانێت زۆرینەی هەبێت لەپەرلەماندا و



لەدەرئەنجامدا کاتێك حکومەت پێکدەهێنرێت دەبێت پارتە سیاسییەکان گفتوگۆ بکەن بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتی دروستبکەن. لەبەر هەموو ئەم هۆکارانە، ئەگەری ئەوە هەیە ئەم سیستمە سەربکێشێت بۆ ناسەقامگیری سیاسی).

*** لەوڵاتانی ئەورووپادا کولتوورێکی دیموکراسی لەئارادایە کە پارتەکان لەچوارچێوەی ئەو کەلتوورەدا مامەڵە لەگەڵ یەك و لەگەڵ دامەزراوەکاندا دەکەن، لەکاتێکدا لەوڵاتە تازە گەشەکردووەکان ئەم کولتوورە بوونی نییە، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە زۆرجار مشتومڕەکان لەپەرلەماندا درێژەدەکێشن و دەبنەهۆی ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم کولتوورە بنیاتبنێین؟**

- زۆر زەحمەتە بتوانرێت چارەسەرێك بۆ بنیاتنانی ئەم کولتوورە بدۆزرێتەوە. ئەم حاڵەتە لەڕومانیادا بەدی دەکرێت، کە تەنانەت دوای ٢٠ ساڵ لەهەرەسهێنانی کۆمۆنیزم ئێمە هێشتا ڕووبەڕووی هەمان کێشە دەبینەوە. لەحاڵەتی ڕۆمانیادا، زۆر پرۆژە هەن کە ڕێکخراوە ناحکومییەکان پێشکەشی دەکەن و لەلایەن دامەزراوە و ڕێکخراوە ئەمەریکی و ئەورووپییەکانەوە داراییان بۆ دابین دەکرێت. لەچوارچێوەی ئەم پرۆژانەدا ئەم ڕێکخراوانە هەوڵی پەروەردەکردنی سیاسەتمەدارە گەنجەکان دەدەن لەڕێی ڕاهێنان و کۆرسەکانیانەوە. کەواتە بەتێڕوانینی من باشترین ڕێگا بۆ گۆڕینی کولتووری سیاسییەکان بریتییە لەپەروەردە. لەوەش زیاتر، ئەگەری ئەوەیە هەیە پارتەکان ئینتیما بکەن بۆ هەندێ لەگروپەکانی پارتە ئایدۆلۆژییە نێودەوڵەتییەکان. بەمشێوەیە پارتەکان ئاشنا دەبن بەکولتووری ڕۆژئاوا.

**باشترین ڕێگا بۆ گۆڕینی کولتووری سیاسیەکان بریتیە لەپەروەردە. لەوەش زیاتر، ئەگەری ئەوەیە هەیە پارتەکان ئینتیما بکەن بۆ هەندێ لەگروپەکانی پارتە ئایدۆلۆژییە نێودەوڵەتیەکان**



*** لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا پارتە حکومڕان و پارتە بەرهەڵستکارەکان هەوڵی ئەوە دەدەن دیموکراسی بکەنە ئایدۆلۆژیای خۆیان، لەکاتێکدا ئەوان تەنها بایەخ بەو لایەنانەی دیموکراسی دەدەن کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لەم بارودۆخەدا کۆمەڵگەی مەدەنی کاریگەریەکی گەورەی هەیە. کاتێك باسی کۆمەڵگەی مەدەنی دەکەم تەنها مەبەستم ڕێکخراوە ناحکومیەکان نییە بەڵکو هاوڵاتیان، ڕاگەیاندن، ئەکادیمیا و کۆمەڵگەی مەدەنی نارێکخراویشە. ئەگەری ئەوە هەیە هەموو ئەمانە کاریگەریان هەبێت لەسەر پارتە سیاسییەکان و بەرژەوەندیەکانیان.

*** ئێمە دەزانین زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئەندامی پارتە سیاسیەکانن، بەڵام ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت لەپەرلەماندا کار بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سەرنجی پەرلەمانتارەکان بۆ ئەم ڕاستیە ڕابکێشین بۆ ئەوەی بەمشێوەیە کاربکەن؟**

- دووبارەی دەکەمەوە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەم ڕووەوە. بۆ نموونە، ئێمە لەڕۆمانیا لەڕێی چەندین پرۆژەوە چاودێری بەرپرس و ئەندام پەرلەمانەکان دەکەین. دەرئەنجامی هەڵسەنگاندنەکانیش بەشێوەیەکی ئاشکرا بڵاودەکرێنەوە و لەبەرئەوەی ئەم بەرپرسانەش لەلایەن هاوڵاتیانەوە هەڵدەبژێردرێن ئەوا هەوڵی گۆڕان دەدەن و هەوڵدەدەن زیاتر لەئاستی بەرپرسیارێتی و هێنانەدی خواستەکانی خەڵکدا بن.

*** لەزۆربەی وڵاتانی دوای ڕوخانی کۆمونیستی و وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا هۆکاری شکستهێنانی دیموکراسی و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم بۆ ڕەفتارە خراپەکانی پارتە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕەفتاری خراپی پارتە سیاسییەکان تا چ ڕادەیەك زیانبەخشە بەدیموکراسی؟**

- نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت سیستمی سیاسی تەنها لەپارتە سیاسیەکان پێکنەهاتووە، بەڵکو هاوڵاتیانیش بەشێکن لەم سیستمە و ڕەفتاری دژە دیموکراسی لەتێکڕایی کۆمەڵگەکەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. چەندین تیۆر هەن لەئەدەبیاتی پەیوەست بەم بوارەوە کە مشتومڕ لەبارەی گۆڕینی ڕەفتاری هاوڵاتیان و سیاسیەکان دەکەنەوە، چۆن بتوانین وایان لێبکەین زیاتر دیموکراسی بن. لەنێویاندا تەنها یەك تیۆر هەیە باس لەوە دەکات کە دەکرێت لەڕێی گوتنەوەی بەها دیموکراسیەکانەوە لەقۆناخەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا ئەم ئامانجە بەدەستبهێنرێت. هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو کە چارەسەرەکە ئەوەیە جەخت لەسەر نەوەی نوێ بکرێت کە هێشتا هیچ بەهایەکیان لەلا گەڵاڵە نەبووە و بەئاسانی دەتوانرێت بگۆڕدرێن.

*** چۆن بتوانین سیستمێکی پارتایەتی سەرکەوتوو دابمەزرێنین کە پارتە سیاسییەکان ڕۆڵیان هەبێت لەبنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- وەڵامێکی ڕوون نییە بۆ ئەم پرسیارە، لەبەرئەوەی هەموو وڵاتێك جیاوازە لەوڵاتێکی دیکە و واقیعەکە لەهەموو شوێنێکدا وەك یەك نییە. لەگەڵ ئەوەشدا، لەئەدەبیاتی ئەم بوارەدا ئەوە بەدیدەکەیت لەکۆمەڵگەیەکی هەمەڕەنگدا، کە دەنگ و کەمینەی جیاوازی تێدایە باشترین چارەسەر بریتیە لەپیادەکردنی سیستمی فرەپارتایەتی و لەو پارتانە پێکهاتبێت کە نوێنەرایەتی بەرژەوەندیە جیاوازەکان دەکەن. لەلایەکی دیکەشەوە ڕەنگە ئەمە سیستمێك بێت سەربکێشێت بۆ ناسەقامگیری لەبەرئەوەی پێویست بەپێکهێنانی هاوپەیمانێتی دەکات. پرۆسەی گۆڕان بەرەو دیموکراسی و پتەوکردنی دیموکراسی پرۆسەیەکی دوورودرێژە و لەماوەیەکی کورتدا ڕوونادات. لەڕۆمانیادا دوای ٢٠ ساڵ هێشتا ئێمە ڕووبەڕووی کێشە دەبینەوە لەبواری سیاسیدا، ئێمە دەمانەوێت سیستمەکەمان بەباشترین شێوە کاربکات. لەدەرئەنجامدا، دەتوانین بڵێین چارەسەرێکی بێ کەموکورتی لەئارادانییە-چارەسەرەکە ئەوەیە لەئەزموونی کۆمەڵگەکانی دیکە بڕوانیت و شیکردنەوەیان بۆ بکەیت بۆ ئەوەی بزانیت ئایا گونجاوە بۆ ئەوەی لەکۆمەڵگەکەی خۆتدا جێبەجێ بکەیت یان نا.

نابێت ئەوەمان لەیاد بچێت سیستمی سیاسی تەنها لەپارتە سیاسیەکان پێکنەهاتووە، بەڵکو هاوڵاتیانیش بەشێکن لەم سیستمە و ڕەفتاری دژە دیموکراسی لەتێکڕایی کۆمەڵگەکەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت

خاتوو کارین هندرۆسن ئوستادی زانستی سیاسیەتە لەزانکۆی لیسیستەر لەبەریتانیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەپرۆسەی ڕاگواستنی دەوڵەتانی کۆمونیست بەتایبەتیش هەردوو کۆماری چیك و کۆماری سلۆفکیا، پێشتر تایبەتمەند بووە لەسەر حزبە کۆمونیستەیەکان و لەهەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا توێژینەوە لەسەر پارت و سیستمی سیاسیی دەوڵەتانی بلۆکی سۆشیالیستی پێشان دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر شێوازی سیستمی پارتە سیاسیەکان و ڕۆڵی پارتە سیاسیەکان لەبونیادی دیموکراتی خاتوو کارین بەمجۆرە ڕای خۆی بەتایبەتی بۆ گوڵان خستەڕوو.

**کارین هندرسۆن بۆ گوڵان:**

# دەبێت پارتە سیاسییەکانیش ناچاربکرێن ڕێز لەیاسا بگرن و پێوەی پابەندبن

*** سیستمی حزبایەتی یەکێکە لەبناخە سەرەکیەکانی سیستمی دیموکراسی و پەرلەمانی، ئایا جیاوازیەکانی سیستمی حزبایەتی چ ڕەنگدانەوەیەکیان هەیە و ئایا چەند جۆر سیستەمی پارتایەتی لەئارادایە؟**

- ئەمە دەوەستێتەسەر هەلومەرجە سیاسیەکە، بۆ نموونە ئایا لایەنگیری و پشتیوانی بۆ پارتەکان لەسەر بنەمای بەرنامە و سیاسەت و هەڵوێستی پارتەکانە، واتە ئایا پارتە سیاسیەکان لەسەر بنەمای بەرنامەکانیان متمانەی خەڵك بەدەستدەهێنن، لەلایەکی دیکەوە هەندێجار ئینتیما و لایەنگیری بۆ پارتە سیاسیەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی و خێڵ و دەستکەوتی داراییە، کە ئەمەی دواییان بارودۆخێکی ناسەقامگیر دروستدەکات لەبەرئەوەی هەوڵی ئەم پارتانە هەوڵدەدەن بەشێوەیەکی هەمیشەیی لەدەسەڵاتدا بمێننەوە.

*** تاچەند سیستمی پارتایەتی پێویستی بەرۆشنبیریەکی سیاسیی هەیە بۆئەوەی بەشێوەیەکی ڕاست مامەڵەی لەگەڵ بکرێت و پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم کولتوورە بنیاتبنێین؟**

- ئەوەی گرنگە ئەوەیە بتوانین هاوڵاتیان هۆشیار بکەینەوە بەوەی تا چ ڕاددەیەك چەسپاندن و پیادەکردنی دیموکراسی خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکات، هەروەها دەبێت لەم چوارچێوەیەدا کار بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا بکەین، ئەویش لەڕێی بنیاتنانی سیستمێکی قەزائی سەربەخۆوە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت پارتە سیاسیەکانیش ناچاربکرێن ڕێز لەیاسا بگرن و پێوەی پابەندبن.



*** لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا پارتە حکومڕان و پارتە بەرهەڵستکارەکان هەوڵی ئەوە دەدەن دیموکراسی بکەنە ئایدۆلۆژیای خۆیان، لەکاتێکدا ئەوان تەنها بایەخ بەو لایەنانەی دیموکراسی دەدەن کە لەبەرژەوەندی خۆیاندایە، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە لەم ڕووەوە؟**

- لەدیموکراسیدا دەبێت پارتە سیاسییە حکومڕانەکان مامەڵەیەکی ڕەوا لەگەڵ موعارەزەدا بکەن، لەبەرئەوەی هەمیشە ئەو ئەگەرە هەیە کە هاوکێشەکە پێچەوانەوە بێتەوە و پارتی حکومڕان ببێتە موعارەزە و موعارەزەش ببێتە حکومڕان، کە ئەمەش پێویست بەسازدانی هەڵبژاردنی پاك و ئازادانە دەکات.

*** ئێمە دەزانین زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئەندامی پارتە سیاسیەکانن، بەڵام ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت لەپەرلەماندا کار بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سەرنجی پەرلەمانتارەکان بۆ ئەم ڕاستیە ڕابکێشین بۆ ئەوەی بەمشێوەیە کاربکەن؟**

- کێشەکە ئەو کاتە دەبێتە کێشەیەکی گەورە کە پارتە سیاسیەکان بۆ ڕاکێشانی ئینتیما و پشتیوانی خەڵك پشت بەپەیوەندیە خزمایەتی و خێڵەکیەکان ببەستن، نەك بەبەرنامەی سیاسی بۆ پەرەپێدانی بەرژەوەندیەکانی خەڵك، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد ئەگەر پارتەکان لەسەر ئەم

هەندێجار ئینتیما و لایەنگیری بۆ پارتە سیاسیەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی و خێڵ و دەستکەوتی داراییە

بنەمایە کاربکەن ئەوا هەوڵدەدەن بۆ هەمیشە لەدەسەڵاتدا بمێننەوە، ئەمەش ناسەقامگیری و ئاڵۆزی دروستدەکات.

*** ئایا دەتوانین سوود لەئەزمونی سەرکەوتوی وڵاتانی دیکە وەربگرین بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەکولتووری دیموکراسییەوە هەبێت؟**

- لەڕاستیدا تاقە مۆدێلێك نییە بۆ ئەوەی تێکڕایی وڵاتانی دیکە پیادەی بکەن و دەقاودەق دووبارەی بکەنەوە، واتە دەبێت هەلومەرجی تایبەتی هەر وڵاتێك بەجیا وەربگیرێت، بۆ نموونە ئەو وڵاتانە بەبارودۆخی شەڕ یان هەرەسهێنانی ڕژێمی دەسەڵاتداردا تێپەڕیون پرۆسەی بەدیموکراتیکردن تێیاندا ڕەوتێکی سست وەردەگرێت. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن لە هەندێ ڕووەوە سوود لەو ئەزموونە سەرکەتوانە وەربگرن، لەبەرئەوەی لەهەموو کۆمەڵگەکاندا بنەماگەلێکی نەگۆڕ هەن، بۆ نموونە سەروەری یاسا، بەرپرسیارێتی کاربەدەستان لەو کارانەی ئەنجامی دەدەن و و ئازادی زانیاری و هتد.

*** ئایا ڕەفتاری خراپی پارتە سیاسییەکان تا چ ڕادەیەك زیانبەخشە بەدیموکراسی؟**

- کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر متمانەی خەڵك بەپارتە سیاسیەکان، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبکەم ئەوەیە نابێت ڕێگە بدرێت پارتی دەسەڵاتدار هەڵبستێت بەقۆرخکردنی ئابووری وڵاتەکە بۆ بەرژەوەندی خۆی، واتە دەبێت ئەم دوو بوارە لێك جیابکرێتەوە و ئەم دەرفەتە بەپارتە سیاسیەکان نەدرێت.

*** چۆن بتوانین سیستمێکی پارتایەتی سەرکەوتو دابمەزرێنین کە پارتە سیاسیەکان ڕۆڵیان هەبێت لە بنیاتنانی دیموکراسیدا؟**

- دەبێت بەلای کەمەوە دوو پارتی سیاسی لەئارادابن و ئامادەی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بن و پابەندبن بەبنەما دیموکراسیەکانەوە، هەروەها دەبێت لەم ڕووەوە بوار بەئازادی ڕۆژنامەگەری و ئازادی زانیاری وەرگرتن بدرێت.



> ئەوەی گرنگە ئەوەیە بتوانین هاوڵاتیان هۆشیار بکەینەوە بەوەی تا چ ڕادەیەک چەسپاندن و پیادەکردنی دیموکراسی خزمەت بەبەرژەوەندیەکانی ئەوان دەکات، هەروەها دەبێت لەم چوارچێوەیەدا کار بۆ چەسپاندنی سەروەری یاسا بکەین



پرۆفیسۆر جۆزیف کلیسنەر ئوستادی زانستی سیاسیەتە لەزانکۆی کینیۆن و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر سیستمی پاتە سیاسییەکان و رۆڵی پارتە سیاسیەکان لەدەوڵەتانی ئەمریکای لاتینی بە گشتی و بەتایبەتیش مەکسیك و ئەرژەنتین، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی پارتە سیاسیەکان و ئەدای خراپی پارتە سیاسییەکان لەکاتی پیادەکرنی دیموکراتی، پرۆفیسۆر کلیسنەر بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.

## جۆزیف کلیسنەر بۆ گوڵان:

# هەندێکجار پەرلەمانتارەکان بۆچوونە حزبیە تەسکەکانی خۆیان وەک رای گشتی دەخەنەڕوو




گوڵان
ژمارە (٧٥٥)
٢٠٠٩/١١/٢
٣٦


*** ئایا جیاوازیەکانی سیستمی حزبایەتی چ ڕەنگدانەوەیەکیان هەیە و چەند جۆر سیستمی پارتایەتی لەئارادایە؟**

- لەڕاستیدا پۆلێنکردنەکە بەو شێوەیە کە سیستێمێك هەیە تاقە پارتێکی سیاسی دیاریکراو زاڵ و باڵادەستە، هەروەها سیستمێکمان هەیە کە دوو پارتی سەرەکی

تێیدا باڵادەستن لەگەڵ سیستمی فرەحزبایەتی کە چەندین پارتی جۆراجۆر لەخۆدەگرێت.

*** بوونی کولتوورێکی دیموکراسی کە پارتەکان لەچوارچێوەی ئەو کولتوورەدا مامەڵە لەگەڵ یەك و لەگەڵ دامەزراوەکاندا دەکەن سیمایەکی گرنگی کۆمەڵگە دیموکراتیەکانە، بەڵام لەوڵاتە تازە گەشەکردوەکان ئەم کولتوورە بوونی نییە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین ئەم کولتوورە بنیات بنێین؟**

- ئەمە پرۆسەیەکە پێویستی بەکاتێکی دووردرێژ و بەخەبات و کۆششێکی سەخت هەیە، واتە دەبێت بۆ ماوەیەکی درێژخایەن ئێمە سەرقاڵ بین بەپیادەکردنی بنەما و بەها دیموکراسیەکانەوە بۆ ئەوەی دامەزراوەکان بنیاتبنرێن و دەوڵەت و حکومڕانیەکە سەقامگیربێت، لەبەرئەوەی وڵاتانی دیکەش بەهەمان ڕەوت و پرۆسەی گەشەکردن و بەرەوپێشچووندا تێپەڕیون. تا لەکۆتاییدا توانیان پەرە بەکولتوورێکی مەدەنی و پابەندبوون بەدیموکراسیەوە بدەن. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەزموونی هەندێ لەوڵاتانی ئەمەریکای لاتین کە ڕژێمێکی سەربازی تێیاندا باڵادەستبوو، پرسیارەکە ئەوەبوو ئایا بۆ پەرەپێدان و بەرەوپێشبردنی بنەما و بەها دیموکراسیەکان پەنا بۆ هەوڵەکانی پەرەپێدانی کولتوری دیموکراسی و پابەندبوون بەبنەما دیموکراسییەکان ببردرێت بدرێت یاخود شێواز و ڕێگای جیاواز بگیرێتەبەر بۆ ئەم مەبەستە.

*** لەزۆربەی وڵاتانی دوای ڕوخانی کۆمونیستی و وڵاتانی ئەمەریکای لاتیندا هۆکاری شکستهێنانی دیموکراسی و سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم بۆ ڕەفتارە خراپەکانی پارتە سیاسیەکانی ئەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ڕەفتاری خراپی پارتە سیاسییەکان تا چ ڕاددەیەك زیانبەخشە بەدیموکراسی؟**

- واقیعەکە ئەوەیە هەندێجار خەڵك نارەزاییەکی سیاسی هەیە لەئاست ڕەفتار و سیاسەتەکانی پارتەکاندا، بەڵام من ناتوانم ئەوە



یەکلابکەمەوە ئایا ئەم نارازیبوون و توڕەبوونە بوونەتەهۆی ئەوەی پارتە سیاسییەکان کەمتر گەندەڵبن و پتر کار بۆ بەرژەوەندی و ویستی هاوڵاتیان بکەن، واتە ئایا ئەم نارازیبوونانە بوونەتە فشار و دەسەڵاتیان ناچار بە بەخۆداچوونەوە کردووە.

*** ئایا وڵاتە تازە گەشەکردوەکان دەتوانن سوود لەئەزموونی سەرکەوتووی وڵاتانی دیکە وەربگرن بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندی بەکولتووری دیموکراسییەوە هەبێت؟**

- بەدڵنیاییەوە ئەم وڵاتانە دەتوانن لەچوارچێوەی هەوڵەکانیاندا بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی دیموکراسی سوود لەئەزموونی وڵاتانی دیکە وەربگرن، ئەویش لەڕێگە لێکۆڵینەوە لەو ئەزموونانە و دەستنیشانکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان، بەڵام دەبێت لەم پرۆسەیەدا هەلومەرج و کولتوور و سیاقی کۆمەڵگەکەی خۆیان لەبەرچاوبگرن، واتە ناکرێت دەقاودەق هەمان ئەزمونی وڵاتانی دیکە دووبارە بکرێتەوە.

*** ئێمە دەزانین زۆرینەی ئەندامانی پەرلەمان ئەندامی پارتە سیاسیەکانن، بەڵام ئەوەیان لێ چاوەڕوان دەکرێت لەپەرلەماندا کار بۆ بەرژەوەندیە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان بکەن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین سەرنجی پەرلەمانتارەکان بۆ ئەم ڕاستیە ڕابکێشین بۆ ئەوەی بەمشێوەیە کاربکەن؟**

- ئەگەر لەڕوانگەیەکی میسالیەوە سەیری بکەین ئەوا دەبێت پەرلەمانتارەکان کار بۆ هێنانەدی و بەرەوپێشبردنی بەرژەوەندی گشتی بکەن، بەڵام لەواقیعدا ئەندام پەرلەمانەکان تێگەیشتن و تێڕوانینی جیاوازیان هەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی و هەندێجاریش بەرژەوەندیە بەرتەسکەکانی خۆیان وەك بەرژەوەندی گشتی دەخەنەڕوو.

*** ئایا خاڵە سەرەکیەکانی بنیاتنانی سیستمێکی سەرکەوتووی پارتەکان چین؟**

- بەتێڕوانینی من گرنگترین خاڵ لێرەدا بریتیە لەیاسای هەڵبژاردن، بۆ نموونە ئایا کار بەسیستمی زۆرینە دەکرێت یان بەسیستمی نوێنەرایەتی ڕێژەیی کە لەحاڵەتی یەکلابوونەوەی ئەم مەسەلەیەدا پێویستە لەدەستووردا بچەسپێنرێت.

هەندێجار خەڵك نارەزاییەکی سیاسی هەیە لەئاست ڕەفتار و سیاسەتەکانی پارتەکاندا، بەڵام من ناتوانم ئەوە یەکلابکەمەوە ئایا ئەم نارازیبوون و توڕەبوونە بوونەتەهۆی ئەوەی پارتە سیاسییەکان کەمتر گەندەڵبن و پتر کار بۆ بەرژەوەندی و ویستی هاوڵاتیان بکەن